# لێکۆلینەوە لە تیرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر

## دۆکۆمێنتەکانی دادوەران و پۆلیسی دادوەریی ئوتریش ( نەمسا) بەشی ٣١

دەمژمێر ١٧:٢٥ رۆژی ١٣/٧/١٩٨٩ شاری ڤییەن (نەمسا) مافناس: حەسەن ئەیوبزادە



چەند بەش لە راپۆرتەکانی پۆلیس و لێکۆلینەوەی دادوەرانی لێکۆلینەوەی ئوتریش، لە سەر سێ کەس لە تۆمەتبارکراوان بە تیرۆری د.قاسملوو" سکرتێری حدکا" و عەبدوللاقادریی ئازەر، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی و بەرپرسی دەفتەری حدکا لە پاریس و کوشتنی فازل رەسولّ مەلا مەحمود پێشتر لە بەشەکانی دیکەی زنجیرەی لێکۆلینەوەکاندا بلاّو کرانەوە.

تۆمەتبارەکان بەتیرۆری دوکتور قاسملوو وعەبدوللا قادریی ئازەر بریتیی بوون لە : ١- محمد جعفری صحرارودی، بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە گوندی چۆلکراوی یاخسەمەر' [1]

٢- گومانلێکراو مصطفی اجوادی یان مصطفی مصطفوی کە بە چەند ناوی دیکە خۆی ناساندبوو و دواتر ناوی راستەقینە و زانیاریی زیاتر بە گوێرەی دۆکۆمێنتەکان دەخرێتە بەرچاو. ئەو گومانلێکراوەش، بەرپرسێکی ئەمنییەتیی رژیمی خومەینیی لە شاری ورمێ بوو.

٣- امیر منصور بزرگیان اصل, بادیگاردی محمدجعفری صحرارودی کە پێشتر دوو بەش لە لێکۆلینەوەکانی پۆلیس لەسەر ئەو گومانلێکراوە بلاّو کرانەوە.



<u>گوندی چۆڵکراوی یاخسەمەر، ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی و شوێنی ژیانی تالەبانیی و بنەمالەکەی بوو.</u>

وەڤدێکی "یەکێتیی نیشتمانیی" بە سەرۆکایەتیی جەلال تالّەبانیی بە پێی رێکەوتنێکی خێلەکیی نە قانوونیی دژ بە پەسندکراوە نێو دەولّەتییەکان ( پەیماننامەی ڤییەن ١٩٦٩ ) لە تشرینییەکەمی ١٩٨٦ لەگەل محمد باقر ذوالقدر, بەرپرسی کاتیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، تەنزیمی یەکێتیی کرد بوو بە <u>بەشێک لە دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و</u> محمد جعفری صحرارودی، بەرپرسێکی ئیتتیلاعاتیی سپای پاسدارانی بە ناوی" سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئێران" دوای ئەو رێکەوتنە بردبوو بۆ یاخسەمەر و لەوێ و لە مالّی جەلال تالّەبانیی جێگیری کردبوو.

نەوشیروان مصطفێ کورتەی ئەورێکەوتنەی دوای دەسال لە کتێبێکدا بە ناوی خولانەوە لە ناوبازنەدا نووسیبوو.

جەلال تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین تەنیا ئەوکاتە باسی هۆیەکانی کەلک وەرگرتنی رژیمی صدام لە چەکی کۆکوژی ژەهراویی،کۆمەلّکوژییەکانی ناودێر بە ئەنفالەکان و بێ سەروشوێن کردنی ٨٠٠٠ بارزانی کرد بوو کە لە ٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١ بەرژەوەندییە تایبەتییە مالّییەکانیان لەبەر یەک ترازابوو و لە راپۆرتی تالەبانیی دا بۆ پلێنۆمی ٤ ی ی.ن.ک. و لە داکۆکییەنامەکەی نەوشیروان مصطفی لە ژێر سەردێری لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین دانیان پێدانا بوو کە ئەو رێکەوتنە خێلەکییە نە قانوونییەی تالەبانیی و وەڤدەکەی لەگەل بەرپرسێکی کاتیی دەزگای جاسوسیی سپای پاسداران، بە ناوی باقر ذوالقدر، هاندەرو زە مینەخولقێنی کۆمەلّکوژیی ئەنفالەکان، ' کەلّک وەرگرتن لە چەکی کۆکوژی ژهراویی بە دژی دانیشتوانی شاری هەلەبجە و سەردەشت ببوە هۆی لەبەر یەک تازانیان.لە واقیعدا سەرانی ی.ن.ک. دوای ٢١ سال لە رابردنی کارەساتەکان، دانیان بەو واقعییەتەدانا بوو کە ئەورێکەوتنە خێلەکییەی سەرانی ئەوتەنزیمە لەگەل بەرپرسێکی دەزگای سیخوریی رژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە نەزانی سەرانی ئەو تەنزیمە و

---

[1] *خولانەوە لەناو بازنەدا*

فریوخواردنیان زەمینەو دەرفەتی بەکارهێنانی ئەو چەکەیان بۆدوو رژیمی جینایەتکاری ئێران و عێراق پێک هێنابوو. ئەو رێکەوتنە ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ کۆتاییهاتن نەبووە. ئەورێکەوتنە لە خەیانەتی فرۆشتنی کەرکوک لەلایەن ماڵباتێ خەیانەتەوە کاری پێکرابوو.

کاری سەرەکیی ئەو دەفتەرە ئیتتیلاعاتییەی سپای پاسداران بە سەرپەرشتیی صحرارودی لە یاخسەمەر، رایەلکردنی تۆرەجاسوسییەکانی ئەو دەزگا ئیتتیلاعاتییە لە ناو حدکا بە هاوکاریی راستەو خۆی تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی ئەمین، ئەحمەد بنبێلا، فازل رەسول، بە ئاگاداریی فواد معصوم وکەمال فواد بۆ پێکهێنانی "وتویژ" دوای نووسینی راپۆرتی خەبەریی لەلایەن تالەبانییەوە بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێر دەسەلاتی علی فلاحیان بووە کە لە راستییدا رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ ناو داوی تێرۆربوو. پلانەکەی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپا بۆ رێکخستنی وتوێژی خولی یەکەم لە رۆژەکانی ٢٨ و ٣٠ ی دیسێمبریی ١٩٨٨ و ٣٠ ژانویەی ١٩٨٩ پێکهاتبوو. ئەو وتوویژە دانانی بەردێ بناخەی وتوێژی قۆناخی دوو هەم بووە کە فازل رەسوڵ باقی پلانەکەی بە تەواویی وبە هاوکاریی بنبێلاو حسین نقرەکار شیرازیی بەرێوە بردبوو.

هاندەری نەوشیروان مصطفی بۆ دژایەتیی کردنی د.قاسملوو و حدکا لە وتەکانیدا لەو ویدئۆیەدا بە دەنگی خۆی ببیسە[2] !

گوندی یاخسەمەر لە چەند کیلۆمیتریی گەورە دێ( ناوەندی حدکا) بوو.

گەورەدێ ناوەندی دەفتەری سیاسیی حدکا لە سنوری باشور و رۆژهەلاتی کوردستان، لە نێوان زنجیرە چیای ژیلوان و چیای گۆجاڕ بوو.

## ئەندامانی وەفدەکەی تالەبانیی و رێکەوتنیان لەگەل ئێران

ئەندامانی وەفدەکەی ی.ن.ک بەسەرۆکایەتیی جەلال تالەبانیی کە ئەو تەنزیمەیان لە ١٩٨٦ کرد بوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، بریتیی بوون لەو کەسانە :

١- فەرەیدون عەبدولقادر٢-کەمال خۆشناو٣- دارا حەفید٤-رەفعەت عەبدوررەحمان ٥-شێردل حەویزی ٦- محمد تۆفیق.

بۆ خوێندنەوەی سەرچاوەکانی ئەو زانیارییانە بروانە کتێبی خولانەوە لە بازنەدا لە لاپەرەکانی ٧ – ٨– ١٠٥ – ١١٣ – ١١٤و ١١٥ [3]

پی.دی. ئێفی کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا (روی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق( ١٩٨٤–١٩٨٨) لەو لێنکەی سەرەوەدا ( ژمارەی١) دابخوێنەوە!

کتێبی خولانە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین لە ساڵی ١٩٩٩ لە برلین وسلێمانی چاپ کرابوو.

تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین لە دامەزراندنی تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانییەوە لە ١٩٧٦ تا ٢٠٠٩ کەسایەتیی یەکەم و دوو هەمی ئەو تەنزیمە بوون. ناکۆکیی ئەو دوو کەسایەتییە لە پلێنۆمی چواری ی.ن.ک. لە رۆژەکانی ٢٩– ٣١/١٠/ ٢٠٠٩ ئاشکرابوو. لە ئاکامدا ئەو تەنزیمە لە بەریەک ترازا.

هۆکاری سەرەکیی کارەساتەکانی کوردستان کە بە پێێ بەڵگەنامەکانی نەوشیروان مصطفێ بڵاوکراونەوە ئاکامی رێکەوتنی خێلەکیی و نە قانوونیی ١٩٨٦ لەگەل بەرپرسی کاتیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ، باقر نوالقدربووە. دەوری هەرکام لە تالەبانیی و نۆشیروان مصطفی بۆ پێکهێنانی زەمینەی خولقاندنی ئەو کارەساتانە بۆ دوو رژیمی ئێران و عێراق و بەرێوەبردنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی بە هاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە پێێ ئەو بەڵگەنامانە ئاشکرا بوون.

تالەبانیی لە و پلێنۆمەیدا کە بە بەشداریی ١٦٠٠ کەس لە ئەندامانی ی.ن.ک. لە شاری سلێمانیی پێک هێنرابوو، نەوشیروان مصطفی ئەمین (کەسایەتیی دووهەمی تەنزیمەکەی) تاوانبار بە هاندانی صدام بۆ خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە و هەموو شەڕو پێکدادانی ی.ن.ک. لەگەل حیزب و تەنزیمەکانی دیکەی کوردستان کردبوو. لەبەرامبەردا نەوشیروان مصطفی، لە داکۆکییامەکەیدا لە خۆی لە ژێر ناوی " لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین" [4]وێرای قبوڵێ بەرپرسایەتیی هاوبەشی خۆی لە هەموو تاوانە راگەیەندراوە دانپێدانراوەکانی ٣٣ سالەی

---

[2] نەوشێروان مستەفا دە لێت حزبی دیموکراتی ایران جاش و خو فروشی سەدامن

3] https://drive.google.com/file/d/1vyl1HfcUAtKXiSn5P9INmZCL27xbxdEK/view?usp=sharing

[4] لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین

تەنزیمەکەی، لەو تاوانانە تێپەڕی و لە ڕێکەوتنی خێڵەکیی، بێ ئیعتیبار، نەقانوونیی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ی تاڵەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ بەرپرسێکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە ناوی باقر ذوالقدر ئاخفی و تواندنەوەی تەنزیمی ی.ن.ک. ی لە لایەن تاڵەبانی و وەفدەکەیەوە لەو دەزگای جاسوسیی یەی ئاخوندەکاندا بە خولقینەری هەموو کارەساتەکانی کوردستان پێناسەکرد. هۆی دوژمنایەتیی نەوشیروان مصطفی و سەرانی ی.ن.ک. و ڕکێش کردنی د.قاسملوو بۆناو داوی مەرگ لەو یوتیوب ەدا بە دەنگی نەوشیروان مصطفی ببیسە[5]

لێکۆڵینەوەکانی دواتر و بە تایبەتی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری ڕێبەرانی حدکا: د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی و تووناکردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە هاوکاریی مەلاعەبدوللا حەسەنزادە ئاخر پیلانی سێ قۆلیی مەلاعەبدوللا حەسەنزادە، تاڵەبانیی و تەنزیمەکەی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆڵینەوە لە تیرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی لە ئوتریش و ئالمان نهێنییەکانی ئاشکرا کردن و نیشانیاندا کە سەرانی ی.ن.ک. چۆن لە خولقاندنی کارەساتەکانی کوردستان و بە تایبەتیی لە توناکردنی تەنزیمەکانی دیکەی کوردلە ڕۆژهەلات وباشوری کوردستان دەوری سەرەکیی‌یان هەبووە.

تەنزیمی ی.ن.ک. ڕێکخراوەیەکی داخراوی خێڵەکیی بووە کە لەڕۆژی دامەزرانی‌یەوە تا مەرگی تاڵەبانیی تەنیا دوو کۆنگرە و چوار پلێنۆمی گرتبوو.

شێوەکاری ئەو تەنزیمە بە نووسینی نامەی نهێنیی و **شەخسیی تاڵەبانیی دوور لە ڕاوێژ، نهێنیی و شێوەی پۆلیسیی و ڕەفتاری ڕەچاوکراوی ماکیاڤێلیی بووە.** بۆ شارەزابوون لەگەڵ ئەو تەنزیمە و شێوەی بەڕێوەبردنی و شارەزایی سەرانی ئەو تەنزیمە + گۆران لە مافە پەسندکراوە نێودەولەتیی‌یەکان بروانە! سەرانی ئەو تەنزیمە لە بڕیارە سیاسیی‌یەکانیاندا نیشانیان داوە کە شارەزایی‌یان لە مافە ناودەولەتی‌یەکان نەبووە. نموونەکەش ڕێکەوتنی ١٩٨٦ی تاڵەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ پاسدارێکی بەرپرسی دەزگای جاسوسیی ڕژیمی خومەینیی بووە کە لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لەلایەن نەوشیروان مصطفی ئەمینەوە و نووسراوە و لە ١٩٩٩ چاپ کراوە بروانە! وتوویژێکی تاڵەبانیی لەگەڵ ڕۆژنامەی " کیهان" چاپی تاران کە وادیارە ئێرانیی‌یەکان بە زمانی فارسیی بۆ یان نووسیبووە. تاڵەبانیی لە نووسراوەیەدا خۆی‌و تەنزیمەکەی بە هاوپەیمانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ناودێر کردبوو.

سەرانی ئەوتەنزیمە بەو بەناو ڕێکەوتنە خێڵەیەکیی‌یەی کە ئیمزایان کردبوو لە ٢٠٠٩ بە ئیقرارو دانپێدانانی خۆیان زەمینەی خولقاندنی کارەساتەکانی ئەنفالەکان و هەڵەبجە و سەردەشتیان بۆ دوو ڕژیمی ئێران و عێراق پێک هێنا بوو.

ڕاپۆرتی تاڵەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ی.ن.ک. دوای ٣٢ ساڵ نهێنیی‌کانی ئەو تەنزیمەی بە قەولی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی ی.ن.ک. لە ژێر بەڕە دەرکێشاو خستیە سەربەرە ،

ڕاپۆرتە نهێنیی‌یەکەی تاڵەبانیی بۆ ڕێکخستنی پلانی وتویژ بۆ د.قاسملوو و ڕاکێشانی مەلاعەبدوللا بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات بۆ تیرۆری ڕێبەرانی حدکا نیشانیان داوە کە بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە دوژمنانی کورد و بەڕێوەبردنی پلانەکانیان دژ بە کوردستان و بەجێگەیاندنی ویستەکانیان بە زیانی بەشەکانی دیکەی کوردستان سنۆرێکیان نەبووە.

کوشتاری سەتان پێشمەرگەی ینک لە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ و فرۆشتنی کەرکوک لە لایەن" ماڵباتی خەیانەتەوە" ئەو واقعییەتانەیان سەلماند کە ئەو جۆرە تەنزیمە مافیایی‌یە چەندە خۆفناک و پرمەترسیی و کارەساتخولقێنن.

دەبێ لە واقعییەتی کارەساتی هەڵەبجە کە تەنزیمی ی.ن.ک. بە پێی نووسراوەکەی شەوکەتی حاجی مشیر کە فەرماندەری عەمەلیاتیی گرتنی شاری هەڵەبجە و تەسلیم کردنی بە سپای پاسداران بووە بەوردیی سەرنج بدەی و ببینی کە فواد مەعسوم و فەرەیدون عەبدولقادر بۆ خولقاندنی کارەساتی هەڵەبجە و گرتن و تەسلیم کردنی ئەوشارەو هەولیان بۆ گرتنی شارەکانی دیکەی کوردستان، کەرکوک و سولەیمانیی و تەسلیم کردنی کوردستان بە جینایەتکارانی ڕژیمی خومەینیی وەئەستۆ گرتبوو. بۆ بەرپرسانی سیاسیی و پلانداڕێژانی گرتنی هەڵەبجە سەرەرای ئامۆژگاریی‌یەکانی طارق عزیز، وەزیری دەرەی عێراق هێنانی داگیرکەرێک بۆ سەرخاکی کوردستان کە فتوای جیهادی دژی گەلەکەی دابوو " کارێکی پیرۆز" بووە.' فواد معصوم و عەبدولقادر ئەو دوو کەسەبوون کە بۆ ئاشبەتالکردن بە مەلا عەبدوللا حەسەن زادە بەرلەوە نومایشی هێرش

---

[5] نەوشێروان مستەفا دەلێت حزبی دیموکراتی ایران جاش و خو فروشی سەدامە

بۆ سەر ژن ومندالی ژمارەیەک پەنابەرکردووی مەلاعەبدوللا لە قشلەکەی هەرمۆتەبەرن دەوری  ئەشکەنجەگەرە باشو خراپەکەیان گێرابوو و هەرەشەیان لە دوو ئەندامی دەفتەری سیاسیی کردبوو کە نە کا تەقە بکەن ئەگێنا ... ئەتکیان دەکەن. فەرەیدون عەبدولقادر ئەو کە سەبوو کە طارق عزیز رازو نهێنیی پلانەکانی رژێمی بەعسی بۆ باس کردبوو و لێیَ پارابۆوە کە تەنزیمەکەیان نەکەن بە تابوری پێنجەمی رژێمی ئاخوندە کان.

بۆ ناسینی رادەی ناشارەزایی سەرانی ئەو تەنزیمە لە پەسندکراوە نێودەولەتییەکان، لە کتێبی "خولانەوە لە ناوبازنە دا وتوێژەکانی تالەبانیی  لەگەل رۆژنامەکانی ئێران وریکەوتنەکانی ئەو تەنزیمە لەگەل پاسدار باقر ذوالقدر ودەزگا ئەمنییەتییەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامیی بروانە.!

بۆ ناسینی بەرپرسانی سەرەکیی کارەساتەکانی کوردستان،  پێویستە لە نامەنهێنییەکانی تالەبانیی و پێوەندییە شاراوەکانی بە ولاتانی دراوسێی کوردستان و دەزگا ئەمنییەتییەکانی جیهانیی بروانی.

لێکۆلینەوەکان نیشاندەدەن و تالەبانیی و نەوشیروان مصطفى دانیان پێداناوە کە رێکەوتنە نەقانوونییە کارەساتخولقێنە کەی ١٩٨٦  بە فیتنەی فەرەیدون عەبدولقادر پێک هاتبوو. فەرەیدون عەبدولقادر  یەکێ  لە نزیکترین هاوکارەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات بووە. بروانە کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە لاپەرەی ٨٩  کە لەگەل فواد معصوم بەرپرسی سیاسیی هێرش کردن بۆ سەر هەلەبجە و کردنی ی.ن.ک. بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە.

تالەبانیی بۆ ئاگادار بوون لە ئاکامی سال و نیوێک وتووێژ لەگەل رژێمی صدام  فەرەیدون عەبدولقادری   ناردبوو بۆ لای وەزیری دەرەوەی عێراق. فەرەیدون عەبدولقادر لەدیدارێک دا لەگەل طارق عزیز و لە هەلوێستێکی نەسیاسیی خێلەکییدا  ببووە هۆی پساندنی پێوەندیی لەگەل وەزیری دەرەوەی عێراق  و لەگەڕانەوەیدا تالەبانیی و چەند کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتیی هاندابوو بەرەو تاران ملی رێگە بگرن. بچن تەنزیمەکەیان بکەن بە تابوری پێنجی رژێمی ئاخوندەکان. لە ئاکامدا دەرفەت و زەمینەی کارەساتەکانی کوردستانیان بۆ دوو رژێمی ئێران و عێراق پێک هێنا بوو. بروانە روپەری ٧  کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا و راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی ٤ و داکۆکییننامەی " لەهاوخەباتیەوە بۆ تەخوین"، نووسینی نەوشیروان مصطفى ئەمین.

پلێنۆمی چواری ی.ن.ک. لە ٢٩–٢٠٠٩/١٠/٣١ بە بەشداریی ١٦٠٠ کەس لە سولەیمانیی پێک هاتبوو. نووسەری بەشی راگەیاندنی ی.ن.ک. سەبارەت بەو پلێنۆمە نووسیبووی: سکرتێری ی.ن.ک. ئەوەی لە ژێر بەڕەدا بوو خستیە سەربەڕە.

فەرەیدون عەبدولقادر و " فواد معصوم" بەرپرس و جێگری  سیاسیی  بەڕێوە بردنی پلانی گرتنی هەلەبجە و تەسلیم کردنی بە رژێمی ئێران بوون. ئەو دوو کەسە زەمینەی خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە لە باشور و سەردەشتیان لە رۆژهەلاتی کوردستان بۆ دوو  رژێمی جینیایەتکاری صدام  و کۆماری ئیسلامیی ئێران پێک هێنابوو. بروانە کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە بەهاری ١٩٨٨نووسینی، شەوکەتی حاجی مشیر! گرنگیی ئەو یادداشتانە لە نووسینی ناوی بەرپرسانی .ی.ن.ک. و شێوەی تواندنەوەی هێزی نیزامیی  و بەرپرسانی سیاسیی .ی.ن.ک.  لە دەزگا ئیتتیلاعاتیی و نیزامییەکانی ئێران دا. سێ لایەنی بەشدار لە  خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە و کارەساتی سەردەشت بریتیی بوون لە : یەکێتیی نیشتمانیی ٢– کۆماری ئیسلامیی ئێران ٣ –رژێمی صدام حسین.

یەکێتیی نیشتمانیی، لە سالّی  ١٩٨٦ بە پێی رێکەوتنێکی نە قانوونیی، لە تاران لەگەل بەرپرسی کاتیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە ناوی باقر ذوالقدر کرا بوو بە بەشێک لە <u>ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران</u> و لە شەری ئێران و عێڕاقدا دەوری  ستونی  پێنج( طابوری پێنج) ی بۆ رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران [6](Fifth column   " گێڕا! مانای ستونی پێنج  لەخوارەوە بخوێنەوە!

ستونی پێنجەم:  *تاقمێکی نهێنیی لایەنگری دوژمنە کە کاری جاسوسیی و خراپکاریی لە  هێلی بەرگریی و سنورە نێونەتەوەییەکان* بە دژی ولاتەکەی خۆی بەڕێوە دەبا.

.ی.ن.ک. " لە خولقاندنی کارەساتەکانی هەلەبجە، سەردەشت و ئەنفالەکان دا لە پێکهێنانی زەمینەی کارەساتەکانی  بۆدوو رژێمی بەعس و کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوری سەرەکیی هەبوو. راپۆرتی جەلال تالەبانیی بۆ پلێنۆمێ چواری ێ.ن.ک. لە٢٩–٢٠٠٩/١٠/٣١[i] و وەلامی بەشێک لەو راپۆرتە لە لایەن نەوشیروان مصطفى  لە داکۆکییننامەکەیدا لە ژێر ناوی " لە هاوخەبیاتیەوە بۆ تەخوین" پەردەیان لەسەر نهێنیی ئەو کارەساتانە لادا.

6 *Definition of fifth column*

## پلانی تێرۆری ڕێبەرانی حدکاو توناکردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پلانی بردنی د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر بۆ وتوویژ لەگەل تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە هەوڵی بەربڵاوو هەمووڵایەنەی جەلال تالبانیی و جاسوسەکانی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەسەرپەرشتیی مەلاعەبدوللا حەسەنزادە بەرێوە چوو بوو.

تێبینیی: "وتوویژ "ی د.قاسملوو و تێرۆریستەکان، بە" ڕاپۆرتێکی نهێنیی، محرمانە،" خەبەریی- جاسوسیی"- مەلاعەبدوللا حەسەنزادە لە لایەن جەلال تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێک هاتبوو.

علی فلاحیان، وەزیری ئیتتیلاعاتی ڕژیم، خۆی یەکێ لە بریاردەرانی کومیتەی تێرۆری دژبەرانی سیاسیی بوو. ناردنی ئەو ڕاپۆرتە بەو ناوەرۆکەوە بۆ فلاحیان لە لایەن تالەبانییەوە بە مانای ڕاگەیاندنی هاوکاریی تالەبانیی بۆ قبولێ ئەرکێک بووە کە لەلایەن وەزارەتی ئیتتیلاعاتەوە پێیبسپێرن.

وتوویژی د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی لەگەل تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی ڕژیم بەو ڕاپۆرتە نهێنییەی جەلال تالەبانی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعات کە پێشتر بە ڕاگواستنی لە ڕۆژنامەی "کیهان" لە لایەن علی فلاحیان وەزیری ئیتتیلاعاتی ئێران کە لە "ژمارە ۱۳۰۱۱ بانەمەری ۱۳٦٦ لە ڕۆژنامەی کیهان دا لە قاو درا ڕێکخرابوو.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حیاکیی) لەسەر ئەوراپۆرتە خەبەرییەی تالەبانیی " تەعلیقێکی هەزەلیی" لە ژێر ناوی " ڕووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینێ" بۆ جەلال تالەبانیی نووسیبوو و لە"کوردستان" ئۆرگانی حدکا لە ژمارە ۱۲۷لاپەرەی ۱٦ جۆزەردان ۱۳٦٦ دا بڵاوی کردبۆوە. پێشتر ڕاپۆرتە خەبەرییەکەی جەلال تالەبانیی کە محرمانەو نهێنیی بوو لەلایەن علی فلاحیانەوە بۆ بێڕێزیی کردن بە تاڵەبانی لە ڕۆژنامەی کیهانچاپی تاراندا بڵاو کرابۆوە. [7]

وتوویژەکەی د.قاسملوو و تێرۆریستەکان بە ناوبژیوانیی جەلال تالەبانیی بەو ڕاپۆرتەخەبەرییەی کە بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعات و ئەمنییەتی جمهوری اسلامی ایران( واجا) ی نووسیبوو لە ۲۸ دیسێمبری ۱۹۸۸پێک هاتبوو.

جەلال تالەبانیی پێشنیاردەر،ڕێکخەر و بەرێوەبەری هەموو پلانەکانی ڕژیمی ئێران لە وتوویژەکاندا بوو. دەوری کەسێک بە ناوی فازل ڕەسولیش لەو پلانەدا سەرەکیی و لەگەل وەزارەتی ئیتتیلاعات و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە هاوئاهەنگیی دابوون.

فازل ڕەسول و برایەکی لەلایەن جەلال تالەبانییەوە لە ۱۹۸۸/۱۲/۲۸، لەقۆناخێ یەکەمی بە ناو "وتوویژ" بە د.قاسملوو ناسێندرابوون.

بە پێی بەلگەنامەکان دەوری سەرەکیی فازل ڕەسول لە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادرییدا باس دەکرێ.

## چوونی تالەبانیی بە نهێنیی بۆ ڤییەن و دیاریکردنی شوێن و بەرێوەبردنی پلانی وتوویژ

تالەبانیی بە پاسپۆرتێکی تەزویریی ( بە ناوی کەسێکی دیکەوە )چوو بوو بۆ ڤییەن و لەکاتی مانەوەی لە هۆتێلەکان لەگەل نەوشیروان و تێرۆریستەکان ناوی خۆی بە بەرپرسانی هۆتێلەکە ڕانەگەیاندبوو.

تالەبانیی لەکاتی دابەزینی لە فرۆکەخانەی ڤییەن لە ئوتریش تەنیا ببوو و لە فرۆکەخانەش تەنیا ئەندامێکی باوەرپێکراوی خۆی بە ناوی سەعدی ئەحمەد پیرە، پێشوازیی لێکردبوو. بە وردیی نەزانراوە کە تالەبانیی چەند ڕۆژ بەر لە ۱۲/۲۸/ ۱۹۸۸ چوو بوو بۆ ڤییەن. چەند کەسی دیکەش بۆ بەشداریی کردن لەو کۆبوونەوەیەدا پێشتر یان دواتر چووبوون بۆ ڤییەن کە دواتر باسیان دەکرێ.

لە کورتەی یادداشتەکانی یەکێ لە دادوەرانی لێکۆلینەوە، تالەبانیی و سێکەسیدیکە بریتی لە : نۆشیروان مصطفی ئەمین، شازاد سائیب و خەسرەوخال ناویان بۆکوبوونەوە لە وتوویژی سازماندراو بۆ د.قاسملوو و تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، نووسرابوو. ئەوە لە حالێکدابووە کە سێ لەو چوارکەسە، لەو ماوەیەدا ، ناویان لە لیستەی میوانەکانی هۆتێلەکاندا نەبوو.

لە لاپەرەی ۳ ی لیستەی میوانەکان لەو میوانخانانەی کە صحراروی و اجوادی لێ ببوون، باس لەوە کراوە کە جارێک صحراروی ئۆدەیەکی لە ئاپارتمانەکانی ئێدلهۆف بەکرێ گرتبوو بۆ ۸ کەس و بەردەوام سێ کەس لەوان ناویان لە دەفتەری ئاپارتمانەکاندا نە نووسرابوو. تەنیا بۆ یەکجار ناوی نۆشیروان مصطفی ئەمین کە بە پاسپۆرتی خۆیەوە چوو بوو بۆ ڤییەن نووسرابوو.

سەرنجراکیشە کە هەموو ئەو تەلەفۆنانەکە صحرارودی کردبوونی نهێنیی بوون. جیا لە هی دوو کەس کە یەک لەوان خەبات مەعروف خاوەنی ئەوماڵەبووە کە سەعدی ئەحمەد پیرە کۆبوونەوەی رۆژی یەکەمی بۆ وتوویژی نێوان سیخورەکانی رژیمی خومەینیی و د.قاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەر بە نێوبژیوانیی جەلال تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین لەوشوێنە پێک هێنابوو.


لە قۆناخی یەکەمدا و لە لێکۆلینەوەکانی پۆلیسدا ناوی تالەبانیی لە لیستی میوانەکانی میوانخانەکان و فرۆکە خانەدا نەدۆزرابۆوە، بەلام لە پرسو جۆی دادوەران لە تاوانبارکراوەکانی رژیم، دانیان پێدا نابوو کە تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی لە وتووێژەکاندا بەشدار بوون. تەنیا دوای تێرۆری د.قاسملوو و دەستبەسەرکردنی تێرۆریستەکان و لێکۆلینەوە لەوان بووە کە باسیان لە وتووێژی خولی یەکەم کردبوو و ناچار بوون تەنیا باسی جەلال تالەبانیی لەکۆبوونەوەکاندا بکەن.

پێشتر وتووێژەکە بۆ رۆژی ٢٨ی دیسیمبری ١٩٨٨ لە مالی خەبات مەعروف، یەکێ لە لایەنگرانی تالەبانیی دیاریی کرابوو.

## پاسەوانەکانی تالەبانیی و نوێنەرەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە ماڵی خەبات مەعروف

ئەرکی پاساوڵ و پاراستنی تالەبانیی و صحرارودیی لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٨ی دیسێمبری ١٩٨٨ بۆ وتووێژ لەگەل د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر بە فازل رەسول و برایەکی ناو براو ئەسپێردرابوو کە بە دوو چەکی جەوازداری ژنە رەسمییەکەی فازلەوە ئەو کارەیان لە دەرەوەی ئۆدەی کۆبوونەوەکە لە مالی خەبات مەعروف بەرێوە بردبوو.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە سێ مانگ و دەرۆژ دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی لە بێرلین، لە نەبوونی مصطفی هجری دا وبە پلانی جەلال تالەبانیی و صحرارودی، حدکای لە قەندیلەوە بەرەو کۆیە بۆ ژێر دەسەلاتی تالەبانیی و صحرارودی رادابوو. مەبەستی سەرەکیی مەلا عەبدوللا لەو خەیانەتەدا کۆتایی هێنان بە هەبوونی حدکا و لێکۆلینەوەی دۆسیەی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی، شاردنەوەی واقعییەت، پاکانە کردن بۆ تێرۆریستەکان، شاردنەوەی دەوری جاسوسیی کردنی خۆی و هاوکارەکانی لە تێرۆرەکاندا بووە کە خۆی گوتەنیی:" ناوزراندنی بە خەیانەتکار لە ناوچەی سلێمانی بۆ تێرۆری ٣٠٠ پێشمەرگە بە دەسیسەی ئەو و تالەبانیی بووە .ئەو ژمارەیە لانیکەم بووە. ژمارەواقیعیی تێرۆرکراون بە هاودەستیی مەلا عەبدوللا ژمارەیەکی زۆری چوار رەقەمیی بووە.




ئەو هاوکارەی تێرۆریستەکان بە بیانووی نەبوونی خەرجی پارێزەرێک پەروەندەی لێکۆلینەوە لە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەری خەواند بوو. بەلام دوای ئەو کوشتارە، کتوپر مزەی دەستخۆشانەی مەلا عەبدوللا و هاوکارەکانی بۆ جینایەتەکانیان و شاردنەوەی واقعییەتەکان پێداهەلگوتنی خومەینیی و تالەبانیی و تێرۆریستەکان بە جۆرێک زیاد کرابوو کە مزەی دەستخۆشانەی خالد عەزیزیی بە وتەی جێگرەوەی دادێی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە مانگانە تا پێنجهەزار دۆلار هەلکشابوو.

لەو وێنەیەدا مەلا عەبدوللا گلەیی لە برادەرەکانی خۆی کردووە و گوتوویە:" عەبدوللا حەسەنزادەیان بە خەیانەتکار زانیوە چونکە بە دەسیسەی تالەبانیی لە ناوچەی سلێمانی ٣٠٠ کەس کوژراوە.(تێبینیی ئەو ٣٠٠ کەسە کادرو پێشمەرگەی حدکا بوون کە بە پلانی هاوبەشی مەلاعەبدوللاو زانیاریی ی.ن.ک. و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە ناوچەی سەوزی ژێر دەسەلاتی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و ی.ن.ک. تێرۆر کرابوون."

خەواندنی دۆسیەکە لەلایەن مەلاعەبدوللا حەسەنزادەوە بۆ ئەو مەبەستە سەرەکییە بووە کە رومای تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیان و دەوری جاسوسیی مەلا عەبدوللا بۆ جینایەتکاران بشارێتەوە و بتوانێ بە ئارەزووی خۆی درۆی شاخدار بۆ چەواشەکردنی واقعییەتە شاراوەکان هەلبەستێ.

ئەو تەزویرانەی کە مەلاعەبدوللا حەسەنزادە و هاودەستەکانی بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان کردوویانە لە جیهاندا وێنەیان نەبووە. جیالەوە تەزویرێکی سەیرتری کردووە کە لە وێنەی بەشی دووهەمی کتێبی دۆنکیشۆت چووە کە نەناسراوێک تەزویری کردبوو و نەیوێرابوو ناوی خۆی لەسەر بنووسێ. مەلاعەبدوللاش بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکان و تالەبانیی و بنبێلا کتێبێکی سەرتاپاتەزویرکراوی بە ناوی کەسێکی بیانییەوە نووسیبوو کە رەوانشاد کاویان ئەو کتێبە تەزویرکراوەی کردبوو بە ئینگلیزیی، بەلام ئاشکرا کردنی تەزویرەکانی مەلاعەبدوللا حەسەنزادە لە

پێداچوونەوەکەی‌دا بە پێداچوونەوەی دەقی کوردیی کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کورد بڵاو کردنەوەی ئەو تەزویرەشی ڕاگرت.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ۱۹۸۸ /۱۲/۲۸ محمد جعفری صحرارودی، نوێنەری دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و جاسوسی وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێرِ دەسەلاتی علی فلاحیان بوو. فازل ڕەسول مەلا مەحمود و برایەکی لەو ڕۆژەدا ئێشکگرو بادیگاردی صحرارودی و تالەبانیی بوون.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بۆ شاردنەوەی واقعییەت فازل ڕەسوڵی بە" **ماموستای مافە سیاسییەکان لە زانستگەی ڤییەن** پێناسەکردبوو. ناوبراو پاسەوانی صحرارودی و تالەبانیی بوو.

تالەبانیی ومەلاعەبدوللا هەرگیز باسی دوو کۆبوونەوەی لە ڕۆژەکانی ۳۰ مانگی دیسێمبر و ۲۰ ژانویەی ۱۹۸۹ کە لە مالی براکانی فازل ڕەسول بە بەشداریی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین بەڕێوە چوو بوون نەکردبوو.

فازل ڕەسوڵ لە قۆناخی‌دووهەمی وتوویژ لە ۱۲ و ۱۳ مانگی ۷ ی ۱۹۸۹ لە ڤییەن، لە شەقامی لینکەبانگاسێ بینای ژمارە٥ ئاپارتمانی ژمارە ۱۲ ی ژنەسیغەیی‌یەکەی خۆی بۆ شوێنەونکێ لە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەردا لەلایەن تێرۆریستەکان ( محمد جعفری صحرارودی واجوادی و امیر منصور بزرگیان گوللەباران کرا.

ئەو ئاپارتمانەی ژنەسیغەیی‌یەکەی فازل ڕەسول وەکو ماڵێکی تیمیی ڕژیمی ئاخوندەکان بۆ هێنان و بردنی کەسانی سەر بە ڕژیمو تێرۆری دژ بەرانی سیاسیی ئاخوندەکان لە لایەن فازل ڕەسوڵەوە کەڵکی لێوەرگیرابوو.

## ناساندنی فازل ڕەسوڵ مەلا مەحمود بە پێی لێکۆلینەوەکانی پۆلیسی داوەریی لە ڤییەن

فازل ڕەسول مەلا مەحمود. لە دایکبووی ۱۹۵۱-۱۲-۹ لە سولەیمانی/ عێراق، پێشتر بە پاسپۆرتی پەنابەریی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ لە ئێرانەوە ناردرابوو بۆ ڤییەن. ڕۆژی خۆ ناساندنی فازل ڕەسول بە پۆلیس لە لایەن پۆلیسەوە بە ئەنقەست نەنووسرابوو. ناوی باوکی فازل، مەلامەحمود و ناوی دایکی کافێ بوو.

فازل ڕەسوڵ بە گوێرەی لێکۆلینەوەکانی دادوەرانی لێکۆلینەوە و پۆلیسی دادوەریی و یەکێ لە هاوکارەکانی خۆی بە ناوی ئەمیر هوشەنگ فرهمند نیا، کارگێرێکی کاراو باوەر پێکراوی بەشی ئیتتیلاعات و ئەمنییەتی باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن بووە. ناوبراو بە وتەی هاوکارەکەی لە ماوەی نزیک بە ۹سال لە بەشی ئەمنییەت و ئیتتیلاعاتی بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن کاری کرد بوو.

کار کردنی فازل ڕەسوڵ لە بەشی ئیتتیلاعاتی باڵوێزخانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی‌ئێران لە ڤییەن بۆ ماوەی نۆسال ،خۆی ڕوداوێکی دەگمەن بووە . هیچ سوننی مەزهەبێک لە نیزامی خومەینیی دا ناتوانێ لە دەزگانهێنیی‌یەکانی‌ڕژیم دا بەرپرسایەتیی‌یەکی هەبێ مەگەر وەکو فازل ڕەسوڵ بووبێتە شیعە یان وەکو مەلاعەبدوللا حەسەنزادە سەلماندبێتی کە بۆ خزمەت بەو سیستمە حازربە کردنی هەر جینایەتێکە کە پێی بسپێرن. بڕوانە وتەی هاوڕێکەی فازل ڕەسوڵ لە ڕوپەڕی ٤ ی ئەم لێکۆلینەوەیەدا!

بوونی تالەبانیی بە شیعە و دروست کردنی حوسەینە لەسلێمانیی تواندنەوەی تەنزیمی ی.ن.ک. لە ئیتتیلاعاتی سپای‌پاسداران‌دا و بەڕێوەبردنی هەموو پلانەکانی ڕژیمی خومەینیی بۆ تێرۆری ڕێبەرانی حدکاو ڕادانی لە قەندیلەوە بۆ کۆیە، خەواندنی پەروەندەی تێرۆری د.قاسملووو تێرۆری سەدان ئەندامی حدکا لە باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستان و هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللا بۆ پاکانە کردن بۆ تالەبانیی و تێرۆریستەکان لەو ڕوانگەیەوە جێێ سەرنجە.

ئالوگۆڕی مەزهەبیی تالەبانیی و وەرچەرخانی بەرەو توانەوە لە ویلایەتی فەقیە و تێکەلاویی‌یەکەی لە گەل بنەمالەی حافز ئەسەد و ۲۷ سال مانەوەی لەسوریاو ئیقراری ئالا تالەبانیی بە شیعە بوونی بنەمالەی تالەبانیی چەندە لەبریارەسیاسیی‌یەکانی تالەبانیی و بە تایبەتی لە بردنی د.قاسملوو بۆ ناو داوی تێرۆر کارابووە بە مێژوو دەسپێرین و ئەوە کاری مێژوونووسانە و خیبرەکانی ئەو بنەمالەیە دەتوانن بیکەن.

تێرۆریستەکانی ڤییەن لە تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادرییدا بە بێ هاوکاریی تالەبانیی و تەنزیمەکەی وجاسوسیی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، نەیاندەتوانی بەوشێوەیە سەرکەوتوو بن. بەتایبەتیی دوای راگەیاندنی روداوی تێرۆرەکە، بە بێ چەواشەکردنی زانیارییەکان لە لایەن تالەبانییەوە و ناردنی کەسانی لایەنگری تالەبانیی بۆ لای داوەرانی لێکۆلینەوە, بۆ نموونە ناردنی کەسێک بە ناوی د.وریا خەلکی رەواندز دانیشتووی ڤییەن بۆ ناردنەوەی تێرۆریستەکان بەرەو تاران بە ئاسانی نەدەگونجا.

محمد جعفری صحرارودی دوای گەراندنەوەی بەرەوئێران و وتوویژی لەگەل رۆژنامەی کیهان سەبارەت بەو جینایەتانەی کە لە رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ لەگەل شەریکە تاوانەکانی لە ڤییەن کردبوونی لەپێوندیی بە فازل رەسولەوە گوتبووی : "فازل رەسوڵ کەسایەتییەکی موسولمان، لە روناکبیران و "دانشمەندەکانی" ئیسلامیی و <u>لە دۆستان و وەفاداران بە شۆرشی ئیسلامیی</u> بووکە ویرای دەرس گوتنەوە لە زانستگەی ڤییەن و قاهرە سەردەبیری بلاوکی " الحوار" ،مامۆستای مافە نێودەولەتییەکان لە زانستگەی ڤییەن، سیاسەتڤان، نووسەر، <u>کەسایەتیی موسولمان و خاوەنی چەندین پەرتوک وشتی لەو بابەتە بووە</u>. ئەو بابەتە لە" کیهان" چاپی تاراندا نووسراوە کە وێنەکەی لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەخرێتەبەرچاو.

فازل رەسوڵ نۆسال لە خزمەتی ئیتتیلاعاتی بالوێزخانەی ئێران دابوو.ئەگەر ماوەی چوار سال و سێ مانگ خزمەتی لە نێو حیزبوللای لوبنانیشدا بۆی حیساب کرابایە ئەو کاتە دەبوو بە ١٣ سال.لەو حالەشدا ئەو موسولمانە لەدوای جینایەتەکە دەبوو کۆتایی بە ژیانی بێنن.

تێرۆری د.قاسملوو دوای گوتنی ئەو ئەو ئاخر دێرە : " حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی چەکی هەلگرتووە و تا تاگەیشتن بە ئامانجەکانی کورد " چەک دانانێ". دوای ئەو ئاخر دێرانە لەگەل هاورێ وەفادارەکەی گوللەباران کرابوو. دواتر لە پێوەندیی بە راپۆرتە خەبەرییەکەی جەلال تالەبانیی و وەرگرتنی ئەماننامەو تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا حیاکیی لەو پێوەندییەدا ئەوبابەتە باس دەکەینەوە.

وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، بە گوێرەی بەلگەنامەکانی پۆلیسی دادوەریی ئوتریش لە پلانی رۆژی یەکەمی وتوویژی رێکخراو بۆ د.قاسملوو و تێرۆریستەکانی رژیم کە لە مالی خەبات مەعروف لە ٢٨ی دیسێمبری ١٩٨٨بەرێوەچووبوو،ئەو "مامۆستایەی زانستگەی مافە نێودەولەتییەکان" واتە فازل رەسول مەلا مەحمود، کێشکچیی، یاساولی جەلال تالەبانیی ومحمد جعفری صحرارودی بووە.

لێکۆلینەوەکان نیشاندەدەن کە ئەو ئیددیعایانەی مەلا عەبدوللا حیاکیی سەبارەت بە فازل رەسول وەکو سەرتاپای ئیددیعاکانی دیکەی ناراست بوون. بەوتەی هاوژینی خانەخوێی ئاخر شەوی ژیانی د.قاسملوو، د.ک.پ. لە وتوویژ لەگەل نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورددا کە فازل رەسولی ناسیبوو،گوتبووی:" فازل رەسوڵ نە ئالمانییەکی ئەو تۆی زانیبوو کە دەقێکی پێبخوێنێتەوە و نە شتێکی لە سیاسەت زانیبوو کە بەدەرس گوتبێتیەوە.

ئەوەی کە ناوبراو لە ماوەی چوار سال و سێ مانگ لە لوبنان لە ناو رێکخراوەی تێرۆریستیی حیزبوللای لوبنان فێری ببوو،نهێنییکاریی و کاری ئیتتیلاعاتیی ببوو کە لە بالوێزخانەی ئێران بۆ جاسوسیی کردن بۆ ئێرانییەکان بە دژی کورد کەلکی لێوەرگرتبوو.

فازل رەسوڵ و براکەی لە خولی یەکەمی وتوویژەکەدا کە بە پلانی تالەبانیی پێکهاتبوو بۆ ئەرکە راسپێردراوەکەیان لە دوو چەکی جەوازداری ژنەکەی فازل رەسوڵ کەلکیان وەرگرتبوو.

دەگوترێ تالەبانیی و فازل رەسول دوای دەرکەوتنیان لە عێراق ماوەی ٢٧ سال لە سوریا لەژێر چەتری حافز ئەسەددا ژیابوون. دوای ئەو ماویە تالەبانیی بەرەو لوبنان چوو بوو. لە بەیروت چووبووە لای جۆرج حبش و پەیوەست بە تەنزیمەکەی ببوو.[8]. تالەبانیی لەو ماوەیەدا فازل رەسولی بۆ لای حیزبوللای لوبنان ناردبوو. ناوبراو لەو تەنزیمەدا بۆ ماوەی چوارسال و سێمانگ بۆکاری تایبەتیی راهێنرابوو و ببوو بە

8 *Iraq’s New President Jalal Talabani: Ally of CIA, Iranian Intelligence and Saddam Hussein*

شیعەیەکی دەمار گرژ و دوای ئەوماوەیە ناردرابوو بۆ ئێران. لە بیر نەکرێ کە سێ لە تێرۆریستەکانی میکونوسیش لوبنانیی و ئەندامی حیزبوللای لوبنان بوون.

فازل رەسوڵ لە دەزگا ئەمنییەتییەکانی رژیم لە تاران و لە لای سەرانی رژیم بێجگە لە خومەینیی و منتظری بە رادەی جەلال تالەبانیی ناسراو بووە. تەنانەت بۆ بەنیسەدر، واتە سەرۆک کۆماری پێشتری ئێرانیش لە فەرەنسە، خەبەرو زانیاریی ناوخۆی رژیمی بۆ بردبوو. بەنیسەدر لە نووسینەکانیدا باسی لەفازل رەسوڵ کردبووو گوتبووی :فازل رەسوڵ جارێک پێی راگەیاندبوو کە رژیمی کۆماری ئیسلامیی" دەیهەوێ لە ئوروپا تێرۆرێک بکا". بنیصدر گۆیا پێی گوتبوو : دەبێ ئەو خەبەرە بە کوردەکان رابگەیەنێ.

فازل رەسوڵ بە پاسپۆرتی پەنابەریی ئێرانەوە ناردرابوو بۆ ئوتریش و لەڤییەن داوای کردبوو بە پەنابەری بناسن. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بە پەنابەری سیاسیی قبوڵ کرابوو ودوابەدوای ئەوە ١٣ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی بردبوون بۆ ئوتریش و لەوێ بە پەنابەر وەرگیرابوون. فازل رەسول لە <u>١١/٤/١٩٨٥</u> کرا بوو بە ئوتریشیی.

تێبینیی: لە ولاتی ئوتریش بۆ ئەوە کەسێک بە ئوتریشیی بناسرێ دەبێ دوای قبووڵ کردنی داخوازی پەنابەرییەکەی لانیکەم پێنج ساڵ لەو وڵاتە بمێنێتەوە بۆ ئەوە بە پێی هەلومەرجی داواکراو بە ئوتریشی بناسرێ. بەو جۆرە فازل رەسوڵ دەبێ لە ساڵی ١٩٨٠ چوو بێتە ئوتریش. ئەو رەقەمە لەگەل ئیددیعای شاهیدێکی ئێرانیی کە لە باڵوێزخانەی ئێران دا هاوکاری فازل رەسوڵ ببوو و دواتر باسی دەکرێ ، یەکتر دەگرنەوە.

لێکۆڵینەوەکان نیشاندەدەن کە جاسوسەکانی رژیمی ئاخوندەکان لە تارانەوە بە پاسپۆرتی پەنابەریی ئێرانەوە دەناردران بۆ ئوتریش بۆ ئەوە بەدژبەری رێژیم بناسێندرێن و بتوانن لەژێر ئەوناوەدا لە دەزگای جاسوسیی رژیمدا بە دژی دژبەرەکانی رژیم کەڵکیان لێ وەربگرن.

کەلک وەرگرتن لەو شێوە پەنابەرییە رەت کردنەوەی نەبووە. دوو نموونەی بەرچاوی دیکە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکرێ:

خاوەنی کافەتریای گالیلای و ژنەکەی دوو کەس لەو جاسوسانەی رژیم بوون کە فازل رەسوڵیان زۆر باش ناسیبوو. ئەو ژن و پیاوە وەکو فازل رەسوڵ کارگێڕی بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن بوون و لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا ئەو واقعییەتەیان بە پۆلیسی دادوەریی راگەیاندبوو. دواتر وتەکانی خاوەنی کافە تریای گالیلای لەسەر فازل رەسوڵ کە بۆپۆلیسی لێکۆلینەوەی باس کردبوو بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە رادەگوێزین.

فازل رەسول مەلا محمود کارگێڕێکی کارا و پەروەردەکراوی جەلال تالەبانیی لە بەغداو لە ولاتی سوریاو لوبنان بوو. تالەبانیی دوو جار لەگەڵ خۆی بردبووی بۆ چین و لەوێ بە کاگێڕێکی وەزارەتی دەرەوەی چینی ناساندبوو.

فازل رەسول هاوکات بە گوێرەی بلاوکراوەیەکی بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن بەرێوەبەری بنکەی ی.ن. ک. لە ڤییەن بوو.

کۆماری ئیسلامیی توانیبووی لە تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی، فواد معصوم ، کەمال فواد، فازل رەسول مەلا مەحمود و بە گشتیی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ی.ن.ک. و کەسانێکی دیکەی وەکو مەلاعەبدوللا حەسەزادە و تەنزیمەکەی کە لەگەل کارگێڕانی رژیم لە پێوەندیی دابوون بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتەکانی لە کوردستان و لەشەری عێراقدا و بۆ راکێشانی د.قاسملو و د.شەرەفکەندیی بۆ ناو داوی تێرۆر بەهاسانیی کەڵک وەربگری.

سەرانی ێ.ن.ک . شەبەکەیەکی بەربلاوی جاسوسییان لە ناو کورد و عەرەب بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات لە سەردەشت پێک هێنابوو. کوشتاری بە کۆمەلی خەلکی سەردەشت بە چەکی شیمیایی ئاکامی ئەو هاوکارییە ئیتتیلاعاتییەی.ی.ن.ک. و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە سەردەشت بووە.

فازل رەسوڵ متمانە پێکراوی سەرانی رژیم ( رفسنجانی، خامنەیی و کارگێڕانی دوو دەزگای ئیتتیلاعات سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات لە باڵوێزخانەی رژیم لە ڤییەن بوو. ژمارە تەلەفۆنی زۆر لە کارگێڕانی دەزگاسیخورییەکەی وەزارەتی ئیتتیلاعات و سپای پاسداران وهەزاران ناو لە دەفتەری تەلەفۆنی فازل دا کەوتبوونە بەردەستی پۆلیسی دادوەریی ئوتریش. ئەوانە نیشان دەدەن کە ئەو تۆرە جاسوسییەی رژیمیش تاچ رادەیەک لە ناو حدکادا و بە هۆی هاوکاریی کردنی مەلاعەبدوللا لە گەل تالەبانیی و تەنزیمەکەی و صحرارودی بەر بڵاو و کارابووە.

## شرۆڤەی ناساندنی فازل رەسوڵ لەلایەن "کارگێڕێکی باڵوێزخانەی ئێران"ەوە بە پۆلیسی داوەوەریی لە ڤییەن9

دوای تێرۆری د.قاسملوو راپۆرتێکی نهێنیی لە رۆژی ١٧ ی مانگی جولای ١٩٨٩ بۆ پۆلیسی دادوەریی ئوتریش ناردرابوو کە تێیدا راگەیەندرابوو کە: "ئەو چەکانەی کە لە تێرۆری ١٣/٧/١٩٨٩ لە ڤییەن بۆ کوشتنی سێ کەس لە مەنتیقەی ٣ی ڤییەن کەڵکیان لێ وەرگیرابوو لە بەشی ٩ی شاری ڤییەن لە کافە تریایەک بە ناوی گالیلای راگیرابوون و لەوێوە بۆ شوێنی تێرۆرەکە بردرابوون".

کەسێک بە ناوی ئەمیرهوشەنگ فەرهەمەند نیا بەڕێوەبەری ئەو کافەیە و نیشتەجێی مەنتیقەی ٥ ی ڤییەن بووە. ئەمیر هوشەنگ فەرەهمەند نیا ، لە دایکبووی تاران کە پاسپۆرتەکەی لە لایەن بالوێزخانەی ئێرانەوە لە ١٨ی مانگی ٦ ی ساڵی١٩٨٤ پێدرابوو تا١٨/٦/١٩٩٠ ئیعتیباری کەڵک لێوەرگرتنی هەبووە!؟.

ئەمیر هوشەنگ فەرەهمەند نیا لە درێژەی لێکۆلینەوەکانی پۆلیسی دادوەرییدا کە سەبارەت بە ناوەرۆکی راپۆرتەکە و چەکەکانی بەکارهێنراو بۆ تێرۆری سێ کەسەکەی مەنتیقەی ٣ ی ڤییەن پرس و جۆی لێکرابوو، لە وەلامدا گوتبووی : "فازل رەسولی ناسیبوو. ئەو لە باڵوێزخانەی ئێران لە١٩٨١ەوە لەگەل فازل رەسول کاری کردبوو. ئەمیر هوشەنگ لە درێژەی بابەتەکەیدا گوتبوی: من لە ١٩٨٣ وە لەو شوێنە نەماوم و بووم بە خاوەنی کافە تریا یەک. لەو کاتەوە چاوم بە فازل رەسول نەکەوتووە.

بە وتەی ئەمیر هوشەنگ، فازل رەسوڵ مەلا مەحمود لە ١٩٨١ ە وە لە ڤییەن لە باڵوێزخانەی ئێران کارگێڕی ئەمنییەتیی ئیتتیلاعات بوو ە کە لە نۆهەمین ساڵی کارکردنی لە باڵوێزخانەی رژیمی کۆماری ئیسلامیی لە ١٩٨٩/٧/١٣ لەلایەن محمد جعفری صحرارودی و اجوادی و بزرگیان لە کاتژمێر ١٧:٢٥ کۆتایی بە ژیانی هێنرابوو. ئەمیر هوشەنگ سەبارەت بە چەکەکانیش گوتبووی ئاگای لەو بابەتە نە بووە.

ژنی ئەوکارگێرەی باڵوێزخانەش خوێندکار و بەرێوەبەری کافەتریای گالیلای بە پاسپۆرتی پەنابەریی ئێرانەوە ناردرابوو بۆ ئوتریش!. پۆلیس ناوی هاوسەرەکەی و کاتی هاتنیان بۆ ڤییەن و نیشتەجێ بوونیانی نووسیبوو. ئەو کافە تریایە دواتر بار واتە شوێنێکی خواردنەوەی لێزیادکرابوو ...

رۆژی ٢٨ مانگی ٧ ی ١٩٨٩ پۆلیس ئەوزانیارییانەی خوارەوەی لەسەر فازل رەسوڵ مەلا مەحمود لەلایەن خاوەنی کافە تریاکەوە پێگەیشتبوو.

ئەمیرهوشەنگ فەرەهمەند نیا خاوەنی ئەو کافەتریایەی کە لە راپۆرتەکەدا بە پۆلیس ناساندرابوو لەوتووێژ لەگەڵ پۆلیسی دادوەرییدا جارێکیدیکە بەم شێوەیە خۆی و فازل رەسولی ناساندبوو :

"من تا ١٩٧٦ لە تاران ژیاوم ولە ١٩٧٩ هاتوومە ئوتریش. لە ١٩٨٢ لە زانستگە بیولۆژییم خوێندووە. لە ساڵی ١٩٧٩ ەوە تا کۆتایی ١٩٨٣ لە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن لە "بەشی کولتور و چاپەمەنی" داکارم کردووە و لە دانانی نومایشگە "دا کارا بووم. ئەمیر لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێ: "من لە ١٩٨٣ کۆتاییم بەو کارەم هێنا ، چونکە" لەگەڵ ویژدانم سازگار نەبوو". "لەو کاتەدا ئێعدامگەلێکی زۆر لە ئێران دا لە ئارادابوو".

9]-I Pos 400/iiia/15/89 res

ناوبراو دەڵێ : لە ١٩٨٦ کافەتریایەکم کڕیوە و بابم بۆ ئەوە یارمەتیی‌داوم. بە وتەی ئەمیر هەموو جۆرە کەسێک بیانی و ئوتریشیی و ئەمریکایی و کورد هاتوچۆی کافەتریاکەی دەکەن کە لە ٨ی شەوەوە تا چواری بەیانی کراوە یە.

ئەمیر هوشەنگ فەرەهمەند نیا لەمەر تێرۆری ١٣/٧/١٩٨٩ لە ڤییەن و فازل رەسوڵ مەلا مەحمود بەم شێوەیە بۆ پۆلیس دووابوو :

"لە ١٣/٧/١٩٨٩ وەکو رۆژەکانی بەرێ، دەوروبەری کاتژمێر ١٩ هاتمە شوێنی کارەکەم. بۆ ئەوە بۆ مشتەرییەکان ئامادەی بکەم. کاتژمێر ٢٠ یان ٢١ بوو کە من باسی کوشتنەکەم لە رادیۆ بیست. بەو جۆرە کە بلاوکرایەوە لە ناو کوژراوەکاندا" د. فازل رەسوڵ" واتە ئەو کەسەی کە لەگەڵ من لە باڵوێزخانەی ئێران کاری دەکرد بۆ من ناسراو بوو. ئەو هاوکارێکی باش بۆ ئەو ئێرانییانە بوو. ئەمیرهوشەنگ درێژەی بە وتەکانی دابوو و گوتبووی" من لە ١٩٨٣ ەوە چاوم بە فازل نەکەوتووە و لەمەر ڕاگرتن و ڕادەست کردنی چەک لەلایەن کافەتریاکەی منەوە هیچ ئاگادارنیم."

## ئاگادار بوونی دادوەرانی لێکۆلینەوەی ئوتریش لە هاوکاریی کردنی فازل رەسوڵ و بنبێللا و تێرۆریستەکان

پۆلیسی دادوەرییلە دوو هەمین رۆژی تێرۆری د.قاسملوو وعەبدوللا قادرییدا زانیبووی کە فازل رەسوڵ کارگێڕی ئیتتیلاعاتیی باڵوێزخانەی ئێران لە ئوتریش بووە و ئەو تێرۆرانە بە هاوکاریی راستەو خۆی ئەو و بنبێللا و تێرۆریستەکان... رێک خرابوون و بەڕێوە چووبوون.

هەر بەوجۆرە دادوەری لێکۆلینەوە لە یەکەم رۆژی دوای تێرۆری د.قاسملوو و هاورێیەکەی بێ ئەوە بزانێ کە فازل رەسوڵ یەکێ لە کوژراوەکان بووە، قەراری دەستبەسەرکردنی ناوبراوی بە تاوانی بەشداریی کردنی لەجینایەتەکە و ئامادەکردنی جێورێ و پێداویستییەکانی تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیان بە پۆلیس راگەیاندبوو .

هاوکاریی کردنی فازل رەسوڵ لەگەل دەزگای ئەمنییەتیی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتیش لە چوارچێوەی پێوەندییە ئیتتیلاعاتییەکەی یەکێتیی نیشتمانیی و کردنی ئەو تەنزیمە بە بەشێک لەو دەزگا ئیتتیلاعاتیی تێرۆریستییەی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی دەولەتی ئێراندا ببووکە سەرانی ئەو تەنزیمە بریتیی لە :

١-جەلال تالەبانیی ٢- فەرەیدون عەبدولقادر٣- د.کەماڵ خۆشناو ٤- دارا حەفید ٥- رەفعەت عەبدوررەحمان ٦-محمد توفیق ٧ شێردڵ حەویزی، بە پێی ئێمزای رێککەوتنی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ لەگەڵ محمد باقر ذوالقدر بەرپرسی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، ئەو تەنزیمەی کوردیان کردبوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و دوابەدوای ئەو رێکەوتنە صحراودی بۆ بەرێوەبردنی پلانەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات بۆ تێرۆری د.قاسملوو، بە ناوی بەرپرسی سەرەکیی دەفتەری ئێران ناردرابوو بۆ یاخسەمەر.[ii] بروانە روپەرەکانی ١١٢-١١٣- ١١٤ کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا ~

بۆ ئاگاداری زیاتر لەسەر دەوری تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی لە خولقاندنی زەمینەی کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیابارانی سەردەشت وهەڵەبجە بۆ دوورژیمی ئێران و عێراق بۆ پلێنۆمی چواری ی.ن.ک لە (٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١و تاوانبارکردنی نەوشیروان مصطفی بە هاندانی صدام بۆ هێرش کردنی بۆسەرهەڵەبجە و کوشتاری خەلکەکەی و بەرپەرچدانەوەی ئەو راپۆرتە لە لایەن نەوشیروان مصطفی لە داکۆکییی‌نامەکەیدا لە ژێرسەرناوی : "لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین". بخوێنەوە! ئەو دوو بابەتە پێشتر بڵاو کراونەوە.

تاڵەبانیی و نەوشیروان لە راپۆرت و نووسینەکانیاندا دانیان بەوەدانابوو کە دەرفەت و زەمینەی خولقاندنی کارەساتەکانی ئەنفال و هەلەبجە وسەردەشتیان بۆ دوو رژیمی ئێران و عێراق پێک هێنا بوو. رۆژنامەی الشرق الاوسط لە ژمارەی ١١٣٦٥ پێنجشەممە ٧ینایر ٢٠١٠ نووسیبووی : " طالبانی و نائبە السابق ینبشان الماضی و یتبادلان التهم بالمسولیة فی کوارث کردستان. " واتە تاڵەبانیی و جێگرەکەی پێشووی، گۆڕی ڕابردوویان دەدەنەوە و یەکتر بە بەرپرسی کارەساتەکانی کوردستان تۆمەتبار دەکەن.سەرنجراکێشە کە محسن رضائی

**بەرپرسی سپای پاسداران،هۆی کوشتنەکەی فازل رەسوڵی بەم جۆرە راگەیاندبوو نوسیبووی: "فازل رەسول منافق" بوو ...**

**فازل رەسوڵ نوێنەری تالەبانی لە ڤییەن و کارگێڕی ئەمنییەتیی باڵوێزخانەی ئێران لە دەزگای ئەمنییەتیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، لە لای حیزبوللای لوبنان ببوو بە شیعەیەکی حیزبوللاهیی و تالەبانیی دوو جار لەگەل خۆی بردبووی بۆ چین و بە کارگێڕانی ئەمنییەتیی چینی ناساندبوو. کارتی ویزیتی ئەندامێکی پلەبەرزی چینی کۆمۆنیستی لە دەفتەری تەلە فۆنەکەی‌دا لە لایەن پۆلیسی دادوەریی دۆزرابۆوە.**

## ناساندنی فازل رەسوڵ و براکانی بە د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر

**ناساندنی فازل رەسول بە د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لەخولی یەکەمی بەڕێوەبردنی " وتوویژ"ە پلاندارێژراوەکە بووە کە لە شاری ڤییەن لە ٢٨ی دیسێمبری ١٩٨٨ بە پلانی تالەبانی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران رێکخرابوو.**

***پێشتر باس لە راپۆرتێکی لە واقیعبەدوری تالەبانیی بۆ وەزیری" واجا" (اطلاعات جمهوری اسلامی ایران) کرا . مەبەست ئەو راپۆرتە خەبەرییەی تالەبانیی بوو کە بە نهێنیی و محرمانە بۆعلی فلاحیان، وەزیری ئیتتیلاعاتی نووسیبوو. علی فلاحیانیش بۆ بێرێزیی کردن بە تالەبانیی لە رۆژنامەی کیهان ژمارە ١٣٠١١ لە بانەمەری ١٣٦٦ بڵاوی کردبۆوە. مەلاعەبدوللا حەسەن‌زادە ش ئەو کاتە دەقی ئەو راپۆرتەی لە کوردستان ژمارە ١٢٧ لاپەڕەی ١٦ جۆزەردانی ١٣٦٦ لەژێر ناوی " "رووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینێ"بە راگواستن لە کیهان و نووسینی تانەو تەشەرو خۆبادانێکی عادەتیی هێرشێکی توندی کردبووە سەر تالەبانیی. حەسەن‌زادە لەوکاتەدا هێشتا نەببوو بە هاوکاری تالەبانیی. لەو رووەوە خۆی لێ‌هەڵسوراندبوو ،بەخۆی‌دا هەلگوتبوو کە:" لە شەڕی رزگاریی نەتەوەیی‌دا رژیمی ئاخوندەکان دەروخێنێ." زوری پێ نەچووبوو کە مەلاعەبدوللاش ببوو بە جاسوسی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات ودواتر هاوکاری زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی ولە هونەرو ئەنموونی دەیان سالەی خۆی بۆ تەزویری واقعییەت و پاکانەکردن بۆ تالەبانیی و و هاوکارەکانی، پاکانە کردن بۆ تاقمێک جاسوس و تێرۆریستی سەر بە رژیمی ئاخوندەکان کەڵکی وەرگرتبوو.***

**لە ٣٠دیسێمبری ١٩٩٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ ئەو کۆبوونەوانەی کە لە مالی براکانی فازل رەسول کرابوون لە لایەن تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی و فازل رەسوڵەوە هەرگیز باس نەکراون. شاردنەوە و باس نەکردنی ئەو کۆبوونەوانە لە لایەن جەلال تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی و کەسانێک کە تالەبانیی لەگەل خۆی بۆڤییەنی بردبوون پرسیارگەلێکیان خولقاندبوو کە بۆ پۆلیسیش ولامنەدرابۆنەوە.**

**پۆلیس هەولی زۆری‌دابوو کە بزانێ بەر لە رۆژی ١٢/٢٨/ ١٩٨٨ واتە یەکەمین رۆژی وتوویژ تا رۆژی ٢١ /١/ ١٩٨٩ تالەبانیی و هاورێکانی لە ئوتریش لە کوێ ژیابوون و بە چ ناو و بە پاسپۆرتی کام ولاتەوە چووبوونە ئوتریش. هەولی پۆلیس بۆ ئاشکرا کردنی ئەو بابەتە بە ئاکام نەگەیشتبوو. ئەوبابەتە ئاخر جار لە لێکۆلینەوەکاندا ئاشکرابوو.**

**پۆلیسی دادوەریی ئوتریش بۆ ئاگاداربوون لە شوێنی مانەوەی تالەبانیی و نەوشیروان و هاورێکانی دیکەی لە قۆناخی یەکەمی وتوویژ لە ٢٦ی دیسێمبری ١٩٨٨ تا ١٩٨٩/١٢/٣٠ لە هۆتێل دوفرانس لە مەنتیقەی ١ ی شاری ڤییەن لە شۆتن‌رینگ ژمارە ٣ ئەو زانیارییەی وەرگرتبوو.**

**محمد جعفری صحرارودی لە دایکبووی ١٩٥٦ ئێرانیی و دانیشتوی ئێران، تاران خیابانی گوڵ ژمارە ١٥٨ و هاورێیەکی کە ناوەکەی رانەگەیاندبوو و چەند کەسێکی دیکەی لەگەل ببوون. ئەمانە خەرجەکەیان بە حیسابی صحرارودی و ویزاکارتی ژمارە ٤٥٤٨١٨٠١٥٢٦٥٢٦٢٥١ بە هۆتێل درابوو.**

**صحرارودی لەو ماوەیەدا لەو هۆتێلەوە بۆئەو کەسانەی کە ناویان نووسراوە لانی‌کەم جارێک تەلەفۆنی بۆ کردبوون: خەبات مەعروف لە ڤییەن مەنتیقەی ٩.....هەروەها بۆ کەسێکی دیکە کە ناوەکەی شاراوە بووە و خاوەنی ٣ژمارە تەلەفۆن لە ڤییەن و قوم و تاران بووە تەلەفۆنی کردبوو.**

**محمد جعفری صحرارودی لە رۆژی ١٢/٣٠/ ١٩٨٨ تا ١٩٨٩/١/٢ لەگەل اجوادی بۆماوەی ٢ رۆژ لە هۆتێل هیلتۆن مابوونەوە بەلام خەرجەکەیان لە ویزاکارتی ویستا کلوبی ناوخۆیی هۆتێل هیلتۆن نێشنال لە حیسابی فازل رەسول هەڵگیرابوو. لەو ماوەیەش دا لەو**

هۆتێلەوە بۆ چەند ژمارە تەلەفۆنی نهێنیی که خەرجی یەکیان ٧٩٣ شیلینگ ببوو تەلەفۆن کرابوو. هەر بەو شێوەیە صحراروودی بۆ برایەکی فازل رەسول لە ڤییەن تەلەفۆنی کردبوو.

_سەرنجراکێشه که صحراروودی له ١٢/٣١/ ١٩٨٨ تا ١٩٨٩/١/٤ و سێ کەسی دیکە کە ناوی نەنووسیبوون چووبوونە ئاپارتمانەکانی ئێدلهۆف ژمارە ٨ لە مەنتیقەی ١٨ ی ڤییەن. و لە ١٩٨٩/١/٤ تا ١٩٨٩/١/١٤ گوتبوویان حەوتوویەک دەمێننەوە بەلام کتوپر رۆیشتبوون.

ئۆدەیەکی دیکەی ژمارە ١٨ که جێگەی مانەوەی ٨ کەس بووە، کتوپر لە لایەن محمد جعفری صحراروودییەوە بە کرێ گیرا بوو. بە پێی وتەی ژنە خزمەتکارەکە بەردەوام سێ کەسی نەناسراو کە ناوی خۆیان بە دەفتەری ئاپارتمانەکان رانەگەیاندبوو لەو ئۆدە هەشت کەسییە ببوون.هەر تەلەفۆنێکی کە کردبوویان ژمارەکەیان دەمودەست تونـاکردبوون. خەرجی ئۆدەکان هەردوو جارەکە لە لایەن صحراروودییەوە درابوو.

ئەوانەی کە لە ماوەی ١٩٨٩/١/١٦ تا ١/١٨/ ١٩٨٩ لەو شوێنە مابوونەوە ناونووس نەکرابوون.

دیسان ئاپارتمانەکانی ئێدلهۆف له رۆژەکانی ١٨–١–١٩٨٩ تا ٢٨–١–١٩٨٩ کە محمد جعفری صحراروودی و نوشیروان مصطفی ئەمین لە دایکبووی ١٩٤٤/٧/١ عێراقیی نیشتەجێی بەغدا شەقامی رەشید ژمارەی ٢٠–٢١ و سێ کەسی نە ناسراوی دیکە وێدەچێ ئێرانییەک و دوو عێراقیی بووبن لە ١٨–١–١٩٨٩ تا ٢٨–١–١٩٨٩ لەو شوێنەبوون. ئەو عێراقییانە دەبێ جەلال طالبانی و دوو کەسە هاورێکەی بووبن کە بە پاسپۆرتی تەزویرییەوە چووبون بۆ ئوتریش. تەنیا نەوشیروان مصطفی بە پاسپۆرتی خۆی و بە ناوی خۆیەوە چووبوو بۆ ئەو وتووێژەی کە حیاکیی گوتەنیی : بە "راپۆرتی خەبەریی " تالەبانیی پێک هاتبوو.

مەبەست لە نووسینی ئەو وردەکارییانە ئەوەیە کە نیشان بدرێ ئەو وتووێژە رێکخراوە تەنیا بۆ تێرۆری د.قاسملوو بە دەستی ئەو چەند تێرۆریستە بووە کە تالەبانیی ئەوانەی بە نوێنەری ئێران و نوێنەری رفسنجانی و پارلمان پێناسە کردبوون.

د.قاسملوو چۆنی زانیبا ئەو کەسانەی که تالەبانیی بە نوێنەری نیزام و پارلمان وکۆماری ئیسلامی ناساندبوونی تێرۆریستی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بوون؟!

سەرنج راکێش ئەوەیە کە لە ٢٠ی مانگی ژانویەی ١٩٨٩ سەرەرای ئەوە کە تالەبانیی و صحراروودی و اجوادی تا ٢٨ی مانگی ژانویە لە ڤییەن مابوونەوە هیچ پێوەندییەک بۆ درێژەدان بە وتووێژ نەگیرابوو. گرنگ ئەوەیە کە له٢١ ی مانگی ژانویەدا یەکێ لە تێرۆریستەکانی قۆناخی دووهەم بە ناوی امیر منصور بزرگیان ناردرابوو بۆ ڤییەن بۆ ئەوە لە قۆناخی یەکەمدا کۆتایی بە تێرۆری د.قاسملوو بێنن. چ رووداوێک ببوە هۆی ئەوە کە تێرۆریستەکان لە قۆناخی یەکەمدا ئەو پلانەیان بەرێوە نەبەن نەزانراوە.

جەلال تالەبانیی بە نوێنەرایەتیی وەفدەکەی بریتیی لە : فەرەیدون عەبدوالقادر، د .کەمال خۆشناو، دارا حەفید، رەفعەت عەبدوررەحمان, شێردل حەویزی و محمد توفیق[iii] لەگەل محمد باقر ذوالقدر کە لەوکاتەدا کرابوو بە بەرپرسی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدان رێکەوتنێکیان لە تاران ئیمزاکردبوو. بە پێی ئەو نووسراوە بێ ئیعتیبارە نە قانوونییە تەنزیمی ی.ن.ک. کرابوو بە تابوری پێنجی دەولەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ناوەرۆکی ئەو رێکەوتنە بێ ئیعتیبارە نە قانوونییەی تالەبانیی و باقری ذوالقدر لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا بلاو کراوەتەوە. ئەو کتێبە لەلایەن نەوشیروان مصطفی ئەمینەوە نووسراوە و دەسال دوای تێرۆری د.قاسملوو لە ١٩٩٩ لە سولەیمانیی و بەرلین چاپ کراوە.

سیاسەتڤانانی.ی.ن.ک. دوای ئەو رێکەوتنە خێلەکیی– نەقانونییەی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، تێرۆریستێکی ناوزراوی سەربە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارەکانیان بە ناوی محمد جعفری صحراروودی بەرپرسی " سەرەکیی دەفتەری ئێران" لە گوندی یاخسەمەر بۆ رایەلکردنی داوی مەرگ بۆ د.قاسملوو و توناکردنی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان هێنابوو بۆ یاخسەمەر و لە دەفتەری کاری تالەبانیی نیشتەجێیان کردبوو.[10]

تالەبانیی و هاورێکانی بەو رێکەوتنە بێ ئیعتیبارە خێڵەکییە نیشانیان دابوو کە زانیارییەکیان لە ماف و پەسندکراوە نێو دەولەتییەکان نەبووە. جیاوازیی نێوان وەزیری دەرەوەی دەولەت و پاسدارێکی سەربە دەزگای جاسوسییان فام نەکردبوو. کورد گوتەنی: ئەوەی سمێلی سوربووبێ وایان زانیبوو هەمزاغایە.

10- کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا ل. ١١٢-١١٣ - چاپی ١٩٩٩ بێرلین و سولەیمانیی

فتوای کوشتنی دقاسملوو و بریاری تێرۆری عەبدوڵلا قادریی ئازەر

سەرانی کومیتەی کارە تایبەتییەکان پێکهاتوو لە : رفسنجانی، خامنەیی، علی اکبر ولایتی، علی فلاحیان، بریاریان دابوو کە لە رۆژی چلەی مەرگی خومەینییەوە لە ١٩٨٩/٧/١٣ فتوای کوشتنی د.عەبدوررەحمان قاسملوو بە تاوانی " فەساد لە سەرزەوی" بەڕێوەبەرن.

محمد جعفری صحرارودی ئەو بەرپرسە ئیتتیلاعاتییەی سپای پاسداران بۆ ماوەی سێ ساڵ لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ وە تا حەوتوویەک بەر لە ١٩٨٩/٧/١٣ لە گوندی یاخسەمەر( ناوەندی.ی.ن.ک. ) و ناو ماڵی تاڵەبانیی ژیابوو. ئەو تۆرە جاسوسییە بەربڵاوە کە محمد چعفری صحرارودی بە هاوکاریی جەلال تاڵەبانیی وتەنزیمەکەی لە ناو حدکادا چنی بوویان بە بێ هاوکاریی مەلا عەبدوللاحیاکیی نەبووە. کورد گوتەنی: ! دزو خاوەن ماڵ رێک بکەون حوشتر بە کولاوکەدا هەڵدەکێشن.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی وبە تایبەتی ئازادی کوری عەلی بالە بە پێی هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللا لە تێرۆری سەدان ئەندامی حدکا لە ناوچەی سەوزی ژێر دەسەلاتی تالەبانیی لەگەل زنیاریی .ی.ن.ک. و تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە سولەیمانیی و بنکەی تێرۆری نزیک شارۆچکەی دوکان هاوکاریی راستەو خۆی هەبووە. جاسوسیی کردنەکەی مەلا عەبدوللا بۆ زانیاریی ی.ن.ک. مالباتی خەیانەت لە لەدوای ١٩٨٦/١٢/٢٨ تا ئەمرۆی خایاندووە.

بە وتەی دادئەستێنی میکونوس لانی کەم یەکێ لەو سێ کەسەی کە لە گەل د.شەرەفکەندی لەبرلین تێرۆر کران لەگەل وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێر دەسەلاتی فلاحیان لە پێوەندیی دابووە. بروانە ٢٠٠٤/٤/٢٠ ، جزئیات کشتار رستوران میکونوس از زبان یکی از بازماندگان فاجعه، پرویز دستمالچی با سایت بلوچ ٢٠٠٠

علی فلاحیان خۆی دانی پێداناوە کە توێژی <u>سەرەوەی حدکای</u> ( مەلا عەبدوللا حەسەنزادەی )لە ژێر چنگی دابووە و بۆی لوابوو کە لە ناو دەفتەری سیاسیی حدکادانفوزبکا. بروانە وتەکانی فلاحیان لە ٣٠ی ئاگوستی ١٩٩٢ واتە ١٧ رۆژ بەر لە تێرۆری د. شەرەفکەندیی لە تەلە ڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامییدا کە وەکیلی بنەماڵەی شەهید فتاح عەبدولی بە ناوی هانس یواخیم ئێریگ لە ئاخر دیفاعیدا ئەو وتەیەی فلاحیانی کە ١٧ رۆژ بەر لە تێرۆری د.شەرەفکەندیی لە تەلەڤیزیۆنی رژیم لە تاران بڵاو کرابۆوە بۆ دادگەی نووسیبوو. ئەو واقعییەتە ، جێیەکی بۆ گومان لە بەشداریی مەلاعەبدوللاو شەریکە تاوانیی ناوبراو لە تێرۆری رێبەرانی حدکاو هاودەستیی کردنی لەگەل زانیاریی.ی.ن.ک. و سەرانی ئەو تەنزیمە و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات بە تایبەتیی صحرارودی و علی فلاحیان نەهێشتبۆوە.

مەلا عەبدوللا حەسەن زادە ئاڵقەی رزیو و پساوی زنجیرەی جاسوسەکانی سپای پاسداران لە ناو دەفتەری سیاسیی و کومیتەی ناوەندیی حدکا بووە کە علی فلاحیان دوای ناردنی راپۆرتە نهێنییەکەی جەلال تالەبانیی کە مەلا عەبدوللا بە خەبەریی واتە جاسوسیی ناوینابوو ئەو تۆرە جاسوسییەی ئاشکرا کردبوو.

یەک پرسیار وەلامی نەدراوەتەوە ئەویش ئەوەیە کە بۆچی دوای لە قەوەزکردنی مەلاعەبدوللاو تەنزیمەکەی لە کۆیە یەک ئەندامی کومیتەی ناوەندیی و د.سیاسیی تا ئەم کاتە کە ئەو پرسیارە دەنووسرێ لەو بنکە جاسوسییەی مەلاعەبدوللا حیاکییدا نە تێرۆر کراون و نە رفێندراون؟ بەلام بۆچی سەدان ئەندامی حدکای دەسنیشان کراوی تفەنگ لەشانی جل و بەرگ ناسراوی ناو شەقام و رێگە و گوندو شارەکانی ناوچەی سەوزی .ی.ن.ک. بە ئاسانیی ئاوخۆردنەوە لەلایەن ئەندامانی زانیاریی.ی.ن.ک. و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران گوللەباران کراون. گوللەبارانکردنی پێنج ئەندامی رێبەرایەتیی حدکا لە دەروازەی کۆیە و نزیک دوکان نموونەنەیەک لەوجینایەتە هاوبەشەبووە کە زانیاریی.ی.ن.ک. بە هاوکاریی راستەوخۆی مەلاعەبدوللاو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران کردبوویان. دەگوترێ تێرۆرنەکردنی بەرپرسانی حدکا لە باشوری کوردستان لە بریاری رێکەوتنی دامالینی چەک لە پێشمەرگەدا شەرتی سەرەکیی بریاری ئاشبەتاڵەکەی مەلا عەبدوللا بووە.

## ڕاگەیاندنی خەبەری کوشتنی ٣ کەس لە ئێوارەی ١٣/٧/ ١٩٨٩ لە ڤییەن و گۆڕینی خەبەرەکە

لە خەبەرەکانی ئێوارەی ١٩٨٩/٧/١٣ دا روداوی گوولەباران کردنی سێ کەس لە لایەن تەلە ڤیزیۆنی ئوتریشەوە لە ماڵێک لە مەنتیقەی ٣ی ڤییەن بڵاوکرابۆوە. کتوپڕئەو خەبەرە لە راگەیاندنەکانی دیکەی پۆلیسدا ئاڵوگۆڕی بەسەرداهێنرابوو وبە کوشتنی سێ کورد لە ڤییەن و دواتر سێ سیاسەتمەداری کورد گۆڕدرابوو.

دوای ئاشکرابوونی ناوی کوژراوەکان، کتوپڕ وتووێژێکی جەلال تالەبانیی لە تاران لەگەل رادیۆ تاران بڵاو کرابۆوە. لەو وتووێژەدا بێ ئەوە لەلایەن پۆلیس و دەزگای لێکۆلینەوەی ئوتریش خەبەرێک لەسەر گومانلێکراو یان گومانلێکراوان باس کرابێ، جەلال تالەبانیی

گۆترەیی، لە تارانەوە رژیمی" صدام حسین" ی بە تێرۆری د.قاسملوو و دوو " سیاسەتڤانی دیکەی کوردی هاوڕیی د.قاسملوو" ؟ تۆمەتبار کردبوو.

ئەو شێوە راگەیاندنەی تالەبانیی سەرسوڕهێنەر، نائاسایی ، دوور لە پڕەنسیپ و کاری وردبینانەی دادوەریی و بە پێچەوانەی واقیع و بۆ چەواشە کردن بووە  کە بۆ ماوەیەکی بەرچاو پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوەی ئوتریشی لە لێکۆلینەوەکانیاندا بە لاڕێدا برد. دابەش کردنی ئەو ٦ کەسە بە "کوردو ئێرانیی"  بەو جۆرە کە تالەبانیی لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ رادیۆ تاران رایگەیاند بوو، لە راستیی بەدوور بوو. ئەو ٦ کەسە ٣کوردو وسێ ئێرانیی نەبوون. لێرەدا ئاخافتنی بەشداران لەو کۆبوونەوەیەدا گرنگ نە بووە . ئەوکەسانەی کە  سەر بە کام لایەنی کوردو کۆماری ئیسلامیی بوون گرنگ بوو.

فازل رەسوڵ هیچ پێوەندییەکی بە خەباتیئازادیخوازانەی  کوردەوە  نەبووە. لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و داوەرانی لێکۆلینەوە سەلماندوویانە کە ئەو کەسە کارگێڕێکی ئەمنییەتیی –ئیتتیلاعاتیی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات لە باڵوێزخانەیئێران لە ئوتریش بووە. ناوبراو هاوکات بەرپرسی بنکەی یەکێتیی نیشتمانیی لە ڤییەن بووە. ئەوکەسەش بەرێوەبەری پلانەدارێژراوەکانی تێرۆریستەکان و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات بووە.

بە پێی دۆکۆمێنتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنە نووسینی نەوشیروان مصطفێ ئەمین و کتێبی کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە نووسینی  شەوکەتی حاجی مشیر، یەکێتیی نیشتمانیی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ وە کرابوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران.بەرنامەی کاری ئەو تەنزیمە و سپای پاسداران لە زمانی  فەرماندەری سپای پاسداران محسن رضائیيەوە بخوێنەوە کە داگیرکردنی باشوری کوردستان و لکاندنی بە جمهوری ئیسلامیی ئێرانەوە بووە. بروانە ئەولینکە[11] کە رووداوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن محسن رضائیيەوە بە زمانی فارسی و لەو پێوەندییدا بەرنامەی تالەبانییو تەنزیمەکەلەگەل قەرارگای رمضان بە وردیی باس کراوە کە کارەساتەکانی کوردستانی لێکەوتەوە.

/http://vista.ir/article/341282

## ناوی دووکەس  لە گوللەباران کراوەکانی ١٩٨٩/٧/١٣ بریتیی بوون لە:

١– د. عەبدوررەحمان قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

٢–عەبدوللا قادریی ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حدکا و بەرپرسی دەفتەری  حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پاریس،

سێهەم کەس بەگوێرەی لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە، کوژراویک بە ناوی، فازل رەسوڵ مەلا مەحمود، خەلکی سولەیمانیی– عێراق، نوێنەری تەنزیمی.ی.ن.ک. لە ڤییەن و کارگێڕێکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات لە ڤییەن بوو.

## وەدەنگ هاتنیتالەبانیی لە تارانەوە

وەدەنگ هاتنی تالەبانیی لە تارانەوە و ناوبردنی رژیمی صدام بە بێ بەڵگەو بە پێچەوانەی دەقی راگەیەندراوی دەزگاکانی پۆلیس و دادوەریی ئوتریش ببووە هۆی سەرسوڕمانی کەسانێک کە پێیان وابوو جەلال تاڵەبانیی مافناس بووە و لە کاری لیکۆلینەوەو پرنسیپی مافەکان شارەزابووە.

واقعییەت ئەوەبوو کە تالەبانیی لەو راگەیاندنانەی خۆی  لە تارانەوە دوو مەبەستی تایبەتیی هەبوون:

١– جێکردنەوەی فازل رەسوڵ لە ریزی د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەرو پێناسەکردنی  ناوبراو بە سیاسەتمەداری کورد. ٢– مەبەستی تالەبانی لەو دابەشکردنەیدا بە کورد وئێرانیی بۆ چەواشەکردنی واقعییەت و بەلارێدا بردنی دەزگای پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە بووە.

لەروانگەی هەر بیانییەکەوە کە لەگەل کورد ومەسەلەکەی لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەولەتیی و داگیرکردنی کوردستان و داگیرکەرانی ئاگادار نەبێ مەسەلەی کورد بەوشێوەیە لێک دەدرێتەوە کە :کورد هەموو یەک مەسەلەیان هەیە وجیاوازییەکیان لەسەر ولات و هێڵی سیاسیی حیزب و بەرژەوەندییەکانیان و داگیرکەرانی کوردستان نییە.

کاتێ کە تالەبانیی بە ناوی کوردەوە باسی لە تێرۆری د.قاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەر و کوژرانی فازل رەسوڵ  کردبوو و گوتبووی کە: صدام بەرپرسی ئەو جینایەتانە بووە, بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو پۆلیس و دادوەرانەی کە لەو رووداوەیان کۆڵیبۆوە،


11 روایت-جنگ-از-زبان-فرمانده-جنگ

بە هەڵەی بردبوون. ئەوان نەیانزانیبوو کە تالەبانیی بۆچی لە تارانەوە لە رووداوی ئەوتیرۆرانە ی ڤییەن ئاگادار ببوو، تالەبانیی لە تارانەوە چۆنی زانیبوو کە کە ئەوە کاری رژیمی صدام بووە؟! ئەوکاتە پۆلیس لە سەرەتاکانی لێکۆڵینەوە لە رووداوەکەو ناسینی بریندارو کوژراوەکاندا بووە.

ئەو کاتە نە حدکاو نە تەنزیمەکانی دیکەی کورد زانیبوویان کە تالەبانیی بە نوێنەرایەتیی وەڤدەکەی بریتیی: لە فەرەیدون عەبدولقادر، د.کەمال خۆشناو،دارا حەفید، رەفعەت عەبدووڕەحمان،شێردڵ حەویزی و ' محمد توفیق ناوێکش ئەندامی ئەو وەفدە کورد قڕکەرە بووە کە تەنزیمەکەیان کردبوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و تابوری پێنجەمی ئەو رژیمە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا ! رووپەرەکانی ١١٢– ١١٣–١١٤ نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین. ئەو کتێبە دەساڵ دوای تیرۆری د.قاسملوو لە بێرلین و سولەیمانیی چاپ کرابوو.!

تەنیا ئەوکاتەی کە بەرپرسی دژەتێرۆر بە ناوی د.کێسلێر چاوی بە برینی باسک و لامل و خوێنی ناوزاری محمد جعفری صحراروديی دۆستە خۆشەویستەکەی جەلال تالەبانیی نیشتەجێ لە یاخسەمەر کەوتبوو و قسەکردنەکەی گوێ لێبوو و لە راکردنی یەکێ لە تێرۆریستەکانی هاوکاری صحراروديی ئاگادار ببوو، ناتەبایی وتەکانی صحراروديی و درۆکانی منصور بزرگیان و راکردنی تێرۆریستی سێهەمی بۆدەرکەوتبوو، ئەوکاتە د.کێسلێر لە واقعییەتی تێرۆرەکەو بەرپرسایەتیی صحراروديی و هاوکارە کانی ئاگادار ببوو.

دوکتور کێسلێر لە هاتنی نوێنەرانی باڵوێزخانەی ئێران بۆ شوێنی تێرۆرەکە رووی تێکردبوون و بە ئاشکرا پێی گوتبوون: کوردەکان کوژراون، بەلام ئێرانییەکان زیندون و یەک لە ئێرانیییەکان رای کردووە. کوردەکان قوربانیی و ئێرانیییەکان تاوانکارن. بەڵام هێشتا رووداوەکە بە تەواوی ئاشکرانە ببوو. لە پەیوەندیی فازل رەسول بە ئێرانیییەکانەوە ئاگادارنەببوو. کاتێ کە لێکۆڵینەوەکە کەوتە سەر رەوتی خۆی دەوری فازل رەسولیش بەرەبەرە لەو رووداوە ئاشکرا بوو. لێکۆڵینەوەکان وایکرد کە رووداوەکە بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە ئەوەندە روون بوو کە لە یەکەمین بڕیاری‌دا قەراری دەستبەسەرکردنی فازل رەسوڵی بە گومانلێکراوی بەشدار لە پلانی تێرۆرەکە راگەیاند بێ ئەوە زانیبێتی کە فازل رەسول کوژرا بوو.



لێرەبەدواوە مەسەلەکە روون بوو و لێکۆڵەرەوەکان دەبوو لە پێوەندیی فازل رەسوڵ بە یەکێ لەو دوو لایەنەی کە بۆیان ئاشکرابوو لێکۆڵینەوەکەیان درێژە پێبدەن.

وێنەی برینی باسکی چەپێ صحراروديی بە گوللەی کەوانەکردوی خۆیەوە ببینە کە بەخیەی لێدراوە و کوناودیوکردنی باسکی و هەمیسان خوشینی ئەو گوللەیە بە بنهەنگل و لاملی تێرۆریستەکەدا بەرەو قورگ و ناوزاری و ئۆقرەگرتنی لە ناودمی و قسەکردنەکەی صحراروديی و ناکۆکیی وتەکانی لەگەل ئەو واقعییەتانە کە شوێنەواری برینەکان و نەزەری پزیشکەکان و کارناسانی تێرهاوێژیی و شوێنەواری جێ گوللەی کەوانەکردوو بە دیوارەوە و دۆزرانەوەی ئەو تەڵەزمە قورقوشمەی گوللەکە و تف کردنەوەی لە ناو گولدانێک کە مانگێک دواتر دۆزرابۆوە. ئەوانە هەموو واقعییەتەکەیان ئاشکرا کرد.

## تالەبانیی و حسین نقرەکار شیرازی و تێرۆری د.قاسملوو

لە خولی یەکەمی وتووێژە رێکخراوەکەی تالەبانیی دا حسین نقرەکار شیرازی، باڵوێزی ئێران لە ڤییەن و انصاری کارگێڕێکی ئیتتیلاعاتیی بالوێزخانەی ئێران لە ڤییەن، جەلال تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی ئەمین، احمد بن‌بلا، سەرۆک کۆماری پێشتری ئەلجەزایر،کەمال فواد،فواد معصوم، شازاد سائیب و خەسرەو خال سەعدی ئەحمەد پیرە و خەبات مەعروف کەسانێک بوون کە لە پلانی وتووێژی رژیم و د.قاسملوو کە لە راستییدا رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ ناو داوی مەرگ بوو، ئاگادار بوون. بەشێک لەو ناوبراوانە لە هاوکاریی کردنی پرۆسەی تێرۆرەکەشدا بەشدار بوون. کەمال فواد و فواد معصوم لە و کاتەدا لە ئالمان و تارانەوە لەرەوتی وتووێژەکان ئاگادار کرابوون.

لە ناو حدکا دا لە ئوتریش جیا لە ئەندامێکی بەرێی حدکا "د. ک. پ." کە خۆی سووسەی کردبوو چەشنێک پێوەندیی جێی گومان بە د.قاسملووەوە گیرابوو کەس ئاگادار نەببوو. تالەبانیی بە هیچ شێوەیەک رێگەی نەدابوو کە ئەندامانی حدکا لەو بەناو وتوێژە دا کە تاڵەبانیی رێکیخستبوو ئاگادار بن.

سووسەکردنی ئەو ئەندامەی بەرێ حدکا لە وتووێژی بە نهێنیی رێکخراوی تالەبانیی بۆ ئیتتیلاعاتی رژیم و رکێش کردنی د.قاسملوو وعەبدوللا قادریی بۆ ناو داوی مەرگ لە هەستیاریی و گومانێکەوە بووە کە خۆی پێی گەیشتبوو. کۆبوونەوەکانی قۆناخی یەکەمی وتووێژ لە ڤییەن لە ٢٨ /١٢/ ١٩٨٨ وە تا ٢١ی ١/ ١٩٨٩ ی خایاندبوو.

## ئاگاداربوونی د.قاسملوو له راپۆرتی خەبەریی تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی جەمهوریی ئیسلامیی

تالــەبانیی و د.قاســملوو لــە شــەری جــاددەی سەردەشــت – پیرانشــار لێــک نزیــک ببوونــەوە. ی.ن.ک.ئەوکاتــە لەگــەل رژیمــی عێــراق لــە وتووێژدابــوو. دوکتــور قاســملوو ئالقــەی پێوەنــدیی نێــوان دوو لایــەنی ئــەو وتــووێژە بــوو. لەوکاتــەدا ژمارەیــەکی ٩٠ کەسـیی پێشـمەرگەی یـەکێتیی نیشـتمانیی بـۆ جـاددەی سەردەشـت – پیرانشـار نـاردرا بـوون کـە حـدکا گـەمارۆی شـاری سەردەشـت قایمتر بکا. لە کەمینێکی ئێرانییەکاندا مخابن ٩ پێشمەرگەی.ی.ن.ک. شەهید بوون.

لــە ئاکــامی ئــەو روداوەدا مانــەوەی ئــەو چەنــد گروپــە پێشــمەرگەیەی کــە .ی.ن.ک. نــاردبوونی لــە دوو شــوێنی ســورەبان و رەبــەت جێگیــر کرابــوون بــەرەو کۆتــایی چــوو. دوای ئــەو خەســارە، پێشــمەرگەکانی.ی.ن.ک. لــە شــەرێ رووبــەروو بوونــەوە لــە تانــک و زرێپۆشــەکانی ئاخونــدەکان خۆیــان دەپاراســت. زۆرجــار دەیــانگۆت، بــرا ئــەوە "حــەربی عالەمییــە ئێــوە ئەیکــەن". ســەرماش بزووتبوو، خۆیان رانەگرت و گەرانەوە بۆ باشوری کوردستان.

د.قاسملوو خۆی بە قەرزداری ئەو پشتیوانییە و بریاری تالەبانیی و هاورێیانی دەزانی. ئەوەش بوو بـە قـەرزێکی قـورس و حـدکا دەبـوو لەبەرامبەر هەر زیدەخوازییەکی تالەبانیی و هەڵبەز هەڵبەزی سیاسیی و خوشینی بەرەو ئاخوندەکان بێدەنگ بێ.

سال و نێوێک وتووێژی .ی.ن.ک. و رژیمی بەعس کە د.قاسملوو رێکی خستبوو بە ئاکام نەگەیشتبوو. نەوشیروان ئـەو هەلومەرجـەی ئـەو سەردەمە و بریاری سیاسیی وەرچەرخانی تالەبانیی بەرەو رژیمی ئاخوندەکان و بە قەولی خۆیـان کردنـی تەنزیمەکـەیان بـە بەشێک لـە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە وتارە هەژێنەرە کەی‌دا بە ناوی لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین بڵاو کردبۆوە. هەڵدانەوەی لاپەرەکانی مێژووی شاراوەی پڕ لە خوێن و خیانەت، دزیی و چەپەلیی و فەساد و کوشتارو مالوێرانیی کە ئەو تەنزیمە خولقێنەریان بووە لە لایـەن ئـەو دوو بەرپرسەوە خرانـە روو. لـە ئاکامـدا دەبـوو نیشـانی‌بدەن کـە سـەبارەت بـە حیـزب و سـازمانە سیاسـیی‌یەکانی کـورد بـە گشـتی و حـدکا چ هەلوێستێکیان گرتووە و ئاکامەکانیان چی بووە. خوێندنەوەی پساندنی پێوەندیی و وتوویژ لەگەل رژیمی صدام و ئاخر دیداری فەرەیدوون عەبدولقادر لەگەل تارق عەزیز وەزیری دەوەی عێراق لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی لـە داکۆکیینامەکـەی نەوشیروان مصطفی "لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین" دا بخوێنە... !

د.قاسملو و د. شەرەفکەندیی و بە گشـتی حـدکا لـە تواندنـەوەی یـەکێتیی نیشـتمانیی لـە ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسداراندا لـە و هاوکـاریی بیسنووری تالەبانیی و سەرانی تەنزیمەکەی دژ بە حدکاو کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و تەنزیمەکانی دیکەی بەشەکانی کوردستان ئاگادار نەبوون.

"هێزی پشتیوان" ببوو بە گۆشتی گەردەمل و مەلاعەبدوللای کرد بە جاسوس و کوردی لەرۆژهەلاتی کوردستانی بەو دەردەی برد کە ئێستا هەیەتی. رۆژهەلات لە ژێر باری قەرزی هێزێ ٩٠ کەسیی پشتیوان پشتی راست نەکردەوە و گیانی رێبەرانی بزووتنەوەکەی وهەزاران ئەندام و کەرامەتی میللیی لە پێناوی‌درا... تالەبانی خۆی گوتەنی:" د.قاسملووی بردە تاران" و سەوداکەی پێکرد.

### بەرێوەبردنی خولی یەکەمی وتووێژی د.قاسملوو و تێرۆریستەکان لە شاری ڤییەن و پەیامی تالەبانیی[12]

خـولی یەکـەمی وتـووێژ لـە نێـوان د.قاسـملوو و عەبـدوللا قـادریی ئـازەر و صـحرارودی و اجـوادی بـە نێوبژیـوانیی تالـەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین لە ٢٨ سێپتامبری ١٩٨٨ لە مالی لایەنگرێکی تالەبانیی بە ناوی خەبات مەعروف بەرێوە چوو بوو.

بــەپێی لێکۆلینــەوەی پۆلیســی داوەری لــە رۆژی ١٩٨٩/٧/٢٦ ئەوازانیارییــە کــە لێرادادەنوســرێ لــە لایــەن خــەبات مــەعروف ەوە بە تەلەفۆن بۆ پۆلیس باس کرابوو:

بەلەبــەرچاوگرتنی وتــەکانی یــەکی لــە گومــانلێکراوان بــە نــاوی ئــەمیر منصــور بزرگیــان کــە گوتبــووی وتــووێژی رۆژی یەکــەم لــە نێـوان د.قاسـملوو و صـحرارودی و اجـوادی لـە مـالی خـەبات مـەعروف بـەرێوە چووبـوو، ئـەم پرسـیارانە لـە لایـەن پۆلیسـەوە بـە تەلــەفۆن لــە نــاوبراکرابوو. پێشــەکیی خــۆی ناســادبوو و گوتبــووی :خــەبات مــەعروف لــە دایکبــووی ١٩٥٥/٥/١٤ دانیشــتووی هــارمۆنی گاســە مەنتیقــەی ٩ و لەمــەر وتووێژەکــە گوتبــووی :لەوکاتــەدا لــە ولاتــی ئونگــار ببــوو، بــەلام مالەکــەی لــە لایــەن سەعدی ئەحمە پیرەوە لە دایکبووی 01/7/1951 هەولێر – عێراق بۆ ئەو کارە( وتووێژ) کەلکی لێوەرگیرابوو.

---

12 *https://www.youtube.com/watch?v=jQPYYLxbh9Q*

واقعییەت ئەوە بووە کە لە ٢٨ و٣٠ دیسێمبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ بە بەشداریی تاڵەبانیی ، شازاد سائیب و خەسرەوخال وتوویژی د.قاسملوو و عەبدوڵلا قادریی ئازەر لەگەڵ محمد جعفری صحراورودی و اجوادی کە تاڵەبانیی بە نوێنەری رفسنجانی و نوێنەری نیزام و نوێنەری سەرۆکی پارلمان بە د.قاسملووی ناساندبوون لە رۆژی یەکەمدا لە ماڵی خەبات مەعروف و رۆژەکانی دیکە لە ماڵی براکانی فازل رەسوڵ بەرێوە چوو بوو.

کاتێ کە بەرپرسێکی سیاسیی کورد پەیامی پێنج خولەکیی رۆژی ١٢/٢٨ / ١٩٨٨ ی تاڵەبانیی ببیسێ کە لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەدا رایگەیاندبوو، بۆی دەردەکەوێ کە تاڵەبانیی خۆی و تەنزیمەکەی وەکو بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران پێناسەکردبوو نە کەسایەتییەکی کوردو بێلایەن و نێوبژیوان. بێجگە لەوە تاڵەبانیی خۆی لە راپۆرتەخەبەرییەکەیدا کە بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێردەسەلاتی علی فلاحیانی نووسیبوو، ئیددیعای کردبوو کە حدکا دوچاری بێ سەروسامانیی بووە و قاسملوو داوای لێکردووە ئەماننامە بۆ خۆی و هاورێکانی وەربگرێ. ئەو ئیددیعا ناراستە بە مانای ئەوە بووە کە تاڵەبانیی ئامادەیە هاوکاریی رژیم بکا کە د.قاسملووو حدکا بە وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێردەسەلاتی علی فلاحیان بفرۆشێ. بەلام فلاحیان لە ناراست بوونی ئەو ئیددیعایەی تاڵەبانیی ئاگادار بوو. لەبەر ئەوە بە دوو مەبەست ویستبووی بە قەولی مەلاعەبدوڵلا ئەو راپۆرتە خەبەرییە (جاسوسیی)یەی تاڵەبانیی بڵاو بکاتەوە: یەکەم بێ ئابرو کردنی رێبەری حیزبێکی سیاسیی کورد. دووهەم، ناچارکردنی تاڵەبانیی بە جێبەجێ کردنی ئەو ئیددیعایەی کە لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی پێکردبوو.

تاڵەبانیی لە خیتابەکەی خۆیدا بۆ دەسپێکی وتوێژ لە رۆژی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا لە ڤییەن زۆر شتی دیکەی ئاشکراکردبوو: یەکەم ئاشکراکردنی تووانەوەی خۆی و تەنزیمەکەی لەونیزامە جینایەتکارە دژی مرۆڤەدا کە لە "پێکهێنانی هیلالی شیعیی" و "بردنی کورد بەرەو قرکردن" بەپێێ ئەو پلانەی کە تارق عەزیز بۆ فەرەیدون عەبدولقادری ئاشکراکردبوو پشتیوانیی بکا. پێیان گوتبوو لەو پلانەدا تاڵەبانیی دەکرێ بە سەرۆکی کوردستانی سەربە خۆی یەکگرتووی" هاوپەیمانی هیلالی شیعیی" لەو رووەوە ئامانجی سەرەکیی دەبێ لەبەردا رژیمی صدام بروخێندرێ و دوای ئەوە ئەو بەشە شیعە نشینانە لە عێراق، سوریا، بەحرین، یەمەن و عەرەبستان سەربەخۆ بکرێن ولە یەکێتییەکدا خۆدەرخەن و لەگەڵ کوردستان لە ژێر چاوەدێری ئێراندا هیلالی شێعە پێک بێنن. نەوشیروان ئەو بیرۆکەیەی تاڵەبانیی بە خەونی چۆلەکە پێناسە کردبوو. بروانە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا رووپەرەکانی ١١٩ تا ١٢٨.

کەسێک بە وردیی راپۆرتەکەی تاڵەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری.ی.ن.ک. و تاوانبارکردنی نەوشیروان مصطفی ئەمین لە لایەن تاڵەبانییەوە بە هاندەری صدام بۆ خولقاندنی کارەساتی هەڵەبجە بخوێنێتەوە، پارانەوەکەی طارق عەزیز لە فەرەیدون عەبدولقادر بۆ خۆ لادان لە بردنی کورد بەرەو کارەساتگەلێک کە رژیمەکەی پلانی بۆ دارشتبووەبیر بخاتەوە ئەوکاتە بۆیدەردەکەوێ کە جیاوازییەکە لە کوێدا بووە.

طارق عزیز فەرەیدون عەبدولقادری لەو کارەساتەی کە رژیمەکەی بۆ توناکردنی کە بەسەری دەهێنرا ئاگادار کردبوو.بروانە رووپەری ٧ی کتێبی خولایەوە لە ناوبازنەدا.

وەلامەکەی فەرەیدون عەبدولقادر بە طارق عزیزیش بخوێنەوە و ببینە کە چەندە منداڵانە، دور لە عەقل و مەنتیق بووە. لەوە شێتانەتر هەڵوێستی تاڵەبانیی و وەفدەکەی بۆ تەسلیم کردنی هێزی پێشمەرگە و خۆی و تەنزیمەکە بە پاسادارێکی تێرۆریست بە ناوی باقری ذوالقدر بووە کە توناکرانی بزوتنەوەی کوردو کارەساتەکانی کوردستان و هەڵەبجە و سەردەشت و ئاشبەتاڵی لێکەوتەوە. تاڵەبانیی لە ٢٠٠٩ و لە راپۆرتەکەیدا بۆ پلێنۆمی ٤ ینک دا دانی پێدانا کە نەوشیروان هاندەری صدام بۆ جینایەتی هەڵەبجە بووە و لەبەرامبەردا نەوشیروان مصطفی واقعییەتەکانی خستنەروو لە داکۆکینامەکەی بە ناوی لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین وێرای ئیقرار بە هەڵەبوونی بریارەکەیان " تەسلیم کردنی خۆیان بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و بە جییددیی وەرنەگرتنی ئەو مەترسییەی کە طارق عزیز بە فەرەیدول عەبدولقادری گوتبوو " تاڵەبانیی بە بەرپرسی هەموو کارەساتەکانی کوردستان دانابوو و لە یەک دێردا بۆی نووسیبوو:

" ئەشی کوژێ و بۆشی ئەگری" ! ئاخردیداری تاڵەبانیی و نۆشیروان مصطفی بە بەشداریی شازاد سائیب بخوێنێتەوە تا ئەو کاتە بیرمەندو "سیاسەتکاری وەکو تاڵەبانیی، نۆشیروان مصطفی ، مەلاعەبدوڵلاحەسەنزاە ، فەرەیدون عەبدولقادر، فواد معصوم، کەمال فواد ببینێ کە چۆن خۆیان دانیان پێداناوە کە چۆن کوردیان دوچاری ئەو هەموو کارەساتانە کردووە. بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا !

### د.قاسملوو و یەکەمدیداری لەگەل تێرۆریستەکان لە ڤییەن بە پلانی تاڵەبانیی

واقعییەت ئەویە کە د.قاسملوو لە ١٩٨٨/١٢/٢٨ لە یەکەم دیدارو کۆبوونەوەیدا لەگەڵ تاڵەبانیی و تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران سەرنجی نەدابووە پەیام و خیتابە پێنج خولەکییەکەی جەلال تاڵەبانیی و توانەوەی تەنزیمەکەی لە ناو ئیتتیلاعاتی

سپای پاسداراندا. د.قاسملوو متمانەی بـە تالـەبانیی، نەوشیروان مصطفیٰ و ئـەو چەندکەسـە لـە هاورێکـانی  تالـەبانیی  کـە بـۆ ڤیـەنی بردبوون کردبوو.

پلاندارێژەرانی ئۆدەی کارەتایبەتییەکان بۆ تێرۆری د.قاسملوو دوای رکێش کردنی د.قاسملوو لەلایـەن  تالـەبانیی و هاوکارەکانیـەوە بـۆ ناو داوی مەرگ و لە نەبوونی هیچ  کێشکچیی و پارێزەریـک بـۆ پاراستنی د.قاسـملوو و ئاگاداربوونیـان لـە ئاسـانیی بـەرێوەبردنی  پلانـی تێرۆری د. قاسملوو عەبدولا قادریی بەهۆی ئەوەوە کە  د.قاسملوو و عەبدولا قدریی ئازەر لە گەمارۆی تەواوی لایەنگرانی رژیم و دەزگـای ئیتتیلاعات و باڵوێزخانەی ئێران دابوون، بە دەرفەتیان زانیبوو لەڤۆناخی یەکەمدا پلانی تێرۆرەکە بەرێوەبـەرن. لەبەرئـەوە هەوڵیانـدابوو ماوەی بە ناو وتوێژەکە درێژ بکەنەوە ، جێگە بگۆرن، کەرەسەی راکردن  بۆ دوای بەرێوەبردنی تێرۆرەکان ئامادەبکەن . لـەماوەی ٣٦ رۆژ دا تەنیا سێ کۆبوونەوە کرابو. تێرۆریستەکان لە ڤییەنەوە گەڕابوونەوە بۆ تاران بۆ ئەوە هـەلو مەرجەکـە بـۆ بەرپرسـانی رژیـم بـاس بکـەن. درێژەی ئەوبابەتە دواتر باس دەکرێ. پۆلیسی دادوەریی زۆر بەدوای ئەو بابەتەوە بووە کـە بزانـی چ هۆیـەک بـووە بـە هـۆی وەدواخسـتنی پلانی تێرۆرەکە.

کاتێ کە  بەدوای دۆزینەوەی بەرنامەی سیاسیی ینک دادەگەڕام کتێبـی ناسـراوی <u>" پەنجـەکان یـەکتری دەشکێنن "</u> سـەرنجی راکێشـام . ئـەو کتێبە بە قەلەمی نەوشیروان مصطفی نووسراوە. واتە کەسایەتیی دووهەمی ئەو تەنزیمەی ینک. "پەنجەکان یەکتری دەشکێنن "، لە واقیعدا نەوشیروان مصطفی،پرۆگرام، مەرامنامە، بەرنامەی سیاسیی ئەو تەنزیمەی نووسیوە.

پەنجەکان یەکتری دەشکێنن مانیفێست یان مەرامنامەی یەکێتیی نیشتمانیی بووە.  ئەو مانیفێستە ئامانجێک بووە کە لـە ١٩٧٦ وە تـا ئـەمرۆ کاری بۆ وەدیهێنـانی کـراوە. پێناسـەی مانیفێسـت بـە کـوردیی ئەوەیە:'نووسـراوەیەکە کـە تێیـدا تاقمێـک ، گـروپێـک ،بۆچوونـە سیاسـیی، کۆمەلایەتیی، ، ئایینیی، فەلسەفیی،  ئەدەبییەکانی خۆیانی تێدا رادەگەیەنن." ( بروانە واژەیاب دهخدا!

مانیفێستی ینک لە ١٩٧٦ ەوە تائێستا لە کردەوەدا بۆ سەرانی ینک و دواتر گۆڕان ئەوە بـووە و لـە کـردەوەدا و لـە مـاوەی ٤٢ سـال دا  بـەم شێوەیەو بە کوردیی بۆ ئەندامی ینک باس کراوە و هەوڵی بۆ دابین کردنی دراوە.

ئەو هەموو جینایەتانەی کە لە چل و دووسـالی ژیـانی ئـەو تەنزیمـەدا کـراوە بـە پێـێ ئـەو پرۆگرامـە وەدیهێنـراوە.  ئـەو کەسـایەتیانە کـە وەدیهێنەری ئەو ئامانجە بن دەبێ کۆمەڵگای کورد بیانناسێ. ئەو مانیفێسـتە خولقێنـەری زەمینـەی ئەنفالـەکان کارەسـاتەکانی هەلـەبجـە و سەردەشت و تێرۆری ناو شارو گوندەکان و شەری بـە نـاو براکوژیی، خەیانـەت، پشـتی خەیانـەت بـووە. ئـەوە خوێندنـەوەی لەسـایەتیی دووهەمی تەنزیمی ینک  بووە. مانیفێستی ینک  " پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن" چل سال لە کردەوەدا  تاقی کراوەتەوە.

ئەمە مانیفێستی تەنزیمەکەی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی بووە  کە لە خوارەوە دەیخوێننەوە :

ناوی  رەمزیی و وتووێژە کانی  قامکەکانی دەست لەگەڵ یەکتر :



" توتە، برای توتە، بالابەرزە ، دۆشاومژە، ئەسپێکوژە، پێنج برابوون ⟵( ئەندامانی کۆمەڵگای ژێردەسەلاتی ینک )

توتە وتی: بابچین بۆ دزی!

برای توتە وتی: لەکوێ ؟

بالابەرزە وتی: لە مالی خوا!

دۆشاومژە وتی: حەرامە.

ئەسپێکوژە وتی: لە دینی ئێمەدا هیچ شتێ حەرام نیە.          ئامانجەکە بە ساکاریی شرۆڤە کراوە.

لە ناو خۆیان بوو بە شەریان، چواریان یەک کەوتن بۆ راونانی پێنجەم.

ئەوەی کە خرایە بەرچاو بەرنامەی سیاسیی ی.ن.ک.  و گۆڕان  لە ٤٢ سالی خەباتیان بووە

**سەودایەیک کە تالەبانیی بە حدکای کرد بە پێی ئەو مانیفێستە ی ی.ن.ک .**

تالەبانیی بە هەموو شێوەیەک لە دەستپەروەردەکانی خۆی کەلکی وەرگرتبوو بۆ ئەوە د.قاسملوو بۆ بەشداریی کردن لە وتووێژە نهێنییە محرمانەکەی‌دا کە لە راپۆرتە خەبەرییەکەی دا بۆ علی فلاحیانی نووسیبوو هان بدەن.

تالەبانیی لەبەرێوەبردنی پلانەکانی رژیمی ئێران بۆتێرۆری د.قاسملوو ویستبووی کەسێکی دیکە راستەو خۆ لەو پیلانەدا دەورێ هەبێ و خۆی لە پشتی پەردەوە سەرە داوەکەی بەدەستەوە بێ.

تالەبانیی بۆ ئەوکارە، خاتو کارۆل پرۆن هوبێر گوتەنی: رێویە پیرەی بە ئەزموون، ئەحمەد بن‌بێللا، سەرۆک کۆماری پێشتری ئەلجەزایر[13]،خۆفرۆشێکی ئامادە بۆ هەرتاوانێک بۆ کۆماری ئیسلامیی لە بەرامبەر وەرگرتنی دراوێک، بینایەک، لە شاری ڤییەن بە قیمەتی ملیۆنێک و چوار سەد و پەنجا هەزار شیلینگ، بۆ بەرێوەبردنی پلانەکەیان وەگەر خست .جینایەتێک کە جیهانی هەژاند.

ئەوانەی کە تالەبانیی بۆ بەرێوەبردنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو کۆی کردبوونەوە هەموو سەربە خۆی و تەنزیمەکەی بوون کە سەرەکییترینیان مەلا عەبدوللای حەسەنزادە ناسراوبە حیاکیی جاسوسیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات و زانیاریی .ی.ن.ک. و جاسوسی شەخسی تالەبانیی و صحرارودی بووە. بروانە هەزاران تەزویری ناوبراو لە پێداچوونەوەکەی‌دا بە دەقی کوردیی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان و لیستی سەدان ئەندامی حدکا کە لە باشوری کوردستان و لە ناوچەی سەوز بە هاوکاریی مەلاعەبدوللا حەسەن‌زادە و زانیاریی .ی.ن.ک.و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە ناوەندی سولەیمانیی تێرۆر کراون.

رژیمی ئاخوندنیی تێرۆریست پەروەریش لە هەموو دەرەتان و توانای سیاسیی خۆی، لە ١٧ وەزارەتخانە و باڵوێزخانەی رژیم لە ڤییەن و کارگێرانی، لە بنکەی تەنزیمی .ی.ن.ک. و سەرکردایەتییەکەی بە تایبەتیی جەلال تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین،فازل رەسوڵ، مەلا عەبدوللا حیاکیی، بنبێللاو ئیمکاناتی جیهانی خۆی بۆ تێرۆری دقاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەر کەڵکی وەرگرتبوو. وێرای ئەوانە دوای تێرۆرەکەش بە هەرەشە کردن لە سەرانی سیاسیی ئوتریش و کەڵک وەرگرتن لە پاکانەکردنی تالەبانیی بۆ ئازاد کردنی تێرۆریستەکان کاری کردبوو. بالوێزی ئێران بە ناوی حسین نقرەکار شیرازی لە راپەراندنی یەکێ لە تێرۆریستەکان بە تابووت و گواستنەوەی بە فرۆکە لە ڤییەنەوە بۆ تورکیاو ئێران وبە کرینی ئاپارتمانێک بۆ ئەحمەد بنبێللا بە هۆی کارگێرێکی ئیتتیلاعاتیی سەر بە تالەبانیی لە باڵوێزخانەکەی‌دا ئەوەی کە ویستبووی وەدەستی هێنابوو.

تەنیا بابەتێک کە تائێستا لە لە پێوەندیی بە روداوی تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی دا باسی نەکراوە دەوری ئەندامانی بەرێوەبەریی حدکا و بەرپرسایەتییەکانیانە. یەک بە یەکی هاوکارەکانی مەلاعەبدوللا شەریکەتاوانی ناوبراون مەگەر ئەوە بێتاوانییخۆیان بسەلمێنن. بێدەنگیی هەرکام لەو هاوکارانەی مەلاعەبدوللا نابێتە هۆیەک بۆ لابردنی بەرپرسایەتییەکانیان لەو تاوانانەی کە مەلا عەبدوللا حیاکیی بە ناوی ئەوانەوە کردوونی. لە پێکهێنانی دادگەیەکدا لە رادەی بەرپرسایەتیی ئەوکەسانەش دەکۆڵدرێتەوە.

**دەورێ بنبێللا و فازل رەسوڵ مەلا مەحمود لە تێرۆری د.قاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەردا**

رۆژی پێش کۆبوونەوەکەی قۆناخی دوو هەمی وتووێژەکە،واتە لە رۆژی ١٢/٧/١٩٨٩ " احمد بن بلا" بە پێێ قەرار چوو بوو بۆمالی فازل رەسول و لەوێ چاوی بە دقاسملوو کەوتبوو. ناوبراو ئامۆژگاریی د.قاسملووی کردبوو کە لە وتووێژەکەدا بەشداریی بکا وبەڵێنی دابوو بە د.قاسملوو کە ئەویش لە کۆبوونەوەکەی رۆژی ١٣/٧/١٩٨٩دا بەشداریی دەکا.

بنبێللا زانیبووی کە د.قاسملوو رۆژی دواتر دەکوژرێ. لەبەر ئەوە لە چوونی شوێنەکە خۆی پاراستبوو. بنبێللا پێشەکیی قیمەتی ویژدانە فرۆشتووەکەی خۆی بە حسین نقرەکار شیرازی باڵوێزی ئێران لە ڤیەن لە فازل رەسوڵ مەلا مەحمود کارگێری ئیتتیلاعاتی بالوێزخانەی رژیمی کۆماری ئیسلامیی وەرگرتبوو.

ئەوانەی کە باس کران لە رۆژی ١٤/٧/١٩٨٩ بۆ پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە ئاشکرابوون. پۆلیس لە دوو راپۆرتی خۆی‌دا کرینی مالەکەی لە لایەن فازل رەسولەوە بۆ بنبێللا و دانی قیمەتەکەی لە لایەن باڵوێزخانەی ئێرانەوە بە فازل رەسوڵ و بەڵگەنامەکان و نامەی بەرپرسی دەفتەری تاپۆ کە درابوو بە پۆلیس و تەشریفاتی ئیمزای بەڵگەنامەکان و وەلامی پرسیارەکانی پۆلیس لە بەرپرسی دەفتەرخانەکەی لەبەردەستدابوون.

---

3_ بۆ ئاگاداربوون لە ئاشنایەتیی لەمێژینەی تالەبانیی و ئەحمەد بنبێللا بروانە کتێبی پەنجەکان یەکتری ئەسکێنن روپەری ٦٨ گفتوگۆی کورد- بەعس." بە نوێنەرایەتی مەلامستەفا و سەرکردایەتی پارتی مامجەلال چو بۆبەغداد.سەرانی ئینقلابەکەی بینیو بۆ بەدەستهێنانیپشتیوانی عەرەبچو بۆ قاهیرە بۆ بینینی جمال عبدالناصر و بۆ جەزائیر بۆ بینینی سەرۆک ئەحمەد بنبێللا. مەلا مستەفا ئەو سەفەرەی پێخۆش نەبو.چاپ ١٩٩٧.

## پاکانە کردنی جەلال تالەبانیی لە تارانەوە بۆ تیرۆریستەکان

تالەبانیی زۆری هەوڵدابوو لە تارانەوە پاکانە بۆ صحرارودی و هاوکارەکانی بکا و پەردە بەسەر واقعییەتەکاندا بکێشێ.

پلانی تیرۆری د.قاسملوو پلانی تیمێکی چەند کەسیی نەبوو. بۆ ئەو تیرۆرە ١٧ وەزارەتخانەی رژیم و باڵوێزی ئێران لە ڤییەن بە ناوی حسین نقرەکار شیرازی دوای دەرچوونی بڕیاری ئۆدەی کارەتایبەتییەکان پێکهاتوو لە: رەهبەر، علی خامنەای، علی اکبر هاشمی رفسنجانی، سەرۆک کۆمار، علی اکبر ولایتی ( وەزیری دەرەوە)، علی فلاحیان، وەزیری اطلاعات دەستی پێکردبوو. ئەو پلانە تیرۆریستییەدا دەبوو ئێوارەی ١٩٨٩/٧/١٣ لە ڤییەن لە بینای ژمارە ٥ لە شەقامی بەرتەسکی لینکە بانگاسێ ئاپاتمانی ژمارە ١٢ لە ماڵی ژنە سیغەییەکەی فازل رەسوڵ بە ناوی رێناتە  نزیک بە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن تیرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر بەرێوە بچێ و کارگێڕە ئیتتیلاعاتییەکەی خۆیان بە ناوی فازل رەسوڵ بکوژرێ. تیرۆریستەکان بریتیی بوون لە صحرارودی ، اجوادی و بزرگیان.

## راکردنی تیرۆریستی سێهەم و پەنابردنی بۆ باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن

سێهەمین کەس لە تیرۆریستەکان بە ناوی مصطفی اجوادی لە دوای تیرۆری د.قاسملووو عەبدوللاقادریی و کوشتنی فازل رەسوڵ رای کردبوو. ناوبراو دوای هەوڵێکی سەرنەکەوتووی بۆ چوون بۆ فرۆکەخانەی ڤییەن، پەنای بردبوو بۆ باڵوێزخانەی ئێران لە شەقامۆکی[14] یاورۆس گاسە لە نزیک شوێنی تیرۆرەکە لە مەنتیقەی ٣ ی ڤییەن و لەوێ حەشاریان دابوو. پۆلیسی دادوەریی مەودای باڵوێزخانەی ئێرانی تا شوێنی تیرۆری دقاسملوو لە لینکە بانگاسێ بینای ژمارە ٥ تەنیا ٧ خولەک بۆ کەسێکی پیادە کە لەسەرخۆ بەرێدا بروا راگەیاندبوو. بزرگیان کە ئیددیعای کردبوو لەکاتی تیرۆرەکەدا لە ماکدونالد ببوو، پۆلیس سەلماندبووی کە ئیددیعاکەی درۆبووە. ویدەچی دوای تیرۆرەکە چوو بووبێ بۆ باڵوێزخانەی ئێران و برینداربوونی صحرارودی راگەیاندبێ.

## دەوری فازڵ رەسوڵ و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە تیرۆری د.قاسملوودا

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە  لە لایەن تالەبانییەوە بە وردیی لە دەوری فازل رەسوڵ و پێوەندییەکانی بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتەوە ئاگادار کرابوو.

فازل رەسوڵ راهێنراوی حیزبوللای لوبنان بوو. تالەبانیی دوای ٢٧ سال مانەوەی لە سوریا بەرەو لوبنان چوو بوو و لەگەل رێکخراوی تیرۆریستیی جۆرج حبش تێکەل ببوو.[15] ناوبراو فازل رەسوڵی لەگەڵ خۆی بۆ لوبنان بردبوو. ناوبراو  لە لوبنان  بۆ ماوەی ٤سال وسێ مانگ لای حیزبوللای لوبنان بۆکاری تایبەتیی راهێنرابوو. پۆلیسی دادوەریی ئوتریش لە پێوەندییەکانی ناوبراو و کارکردنی لە بالوێزخانەی ئێران ئاگادار ببوو.

هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللا سەلمێنەری هاوکاریی راستەو خۆی مەلا عەبدوللا حەسەن زادەن لەگەل تیرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی بوون.لە تاوانگەلی تیرۆری سەدان ئەندامی حدکا کە ژمارەیان بە وتەی مصطفی هجری لە ٣٠٠ کەس تێدەپەرن، بێجگە لە ٩٧ ئەندامی تەنزیمە هەڵوەشاوەکەی رێبەرایەتیی شۆرشگێر و  بریندارکردن، دەرمانداو کردن، رفاندن، فرۆشتن و بێسەروشوێن کردن، گرتن و خۆتەسلیم کردنەوەی   ئەندامانیی حدکا  ئەوانە هەزاران تاوان بوون کە  لەدوای رادانی حدکا لە قەندیلەوە بۆ ئۆردوگای ژێر دەسەلاتی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران دژ بە رێبەران و  ئەندامانی حدکا کرابوون و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە هەموو ئەو تاوانانەدا کە کراون شەریکە تاوان  بووە.

ئەوەی کە حیاکی لەسەر دەوری فازل رەسول، بنبێلا، جەلال تالەبانیی، لە روداوی تیرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی و پاکانە کردن بۆ تیرۆریستەکان، نووسیوونی، تەزویریی ، بێ بنەما و لە واقعییەت بەدوور بوون.

روداوی گوللەباران کردنی سەید منصور ناصری، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیی حدکا، سامال ئیسماعیلی، رەفعەت حسینی و یداللە شیرین سخن و تیرۆری منصور فتاحی بەرپرسی کومیتەی بانە و بریندارکردنی سێ لە هاورێکانی لە نزیک شارۆچکەی دوکان و راکردنی مشیرو موستەشارو موشاویرە جاسوسەکەی مەلاعەبدوللا بە ناوی خدر ابراهیمی خەلکی گاگەش ( ئازاد کوری علی بالەی ئامۆزای مەلاعەبدوللا حیاکیی) و  ناردنی ساڵێک دواتری سێ چەکداری فریودراو بۆ کوشتنی ئەو ئامۆزا شەریکە تاوانەی مەلا عەبدوللا  بۆ گاگەش، بێ حیکمەت نەبووە. دیارە سزادانی تیرۆریست و جاسوسەکان بۆ مەلا عەبدوللا جیددییە بەو مەو مەرجە کە مەترسیی ئاشکراکردنی تاوانەکانی مەلاعەبدوللای لێ بکرێ.ئەگینا خالید سێزدە کە چاردە پێشمەرگەی تیرۆرکردووە، کاتێ کە صحرارودی دەیکاتە ئیسکۆرتی خۆی  لە دیداری مەلا عەبدوللا حەسەنزادە دەبێ نووشتەی چاوەزاریشی بۆ بنووسێ.

بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کە لە هێرشەکانی هەلەبجەدا دەوری کارایان هەبوو، ئێستاش بە پێێ رێکەوتنەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦  موچەوەرگری ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانن و وەکو بەرپرسانی رەسمیی ئیتییلاعات حیسابیان بۆ دەکرێ و لە شارەکانی ئێران بە تایبەتیی لە قوم و تاران مال و ئیمکاناتیان بۆ تەرخان کراوە. نموونەکەش لە کرینی بینایەک بۆ بنبێلاو دوو کۆشک بۆ تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی کە لە سایتی

---

[14] **Jaurosgasse**

*15 Iraq’s New President Jalal Talabani: Ally of CIA, Iranian Intelligence and Saddam Hussein*

نوریزاددا باسیان کراوە. لە ئاخر بەشی پەیامەکەی تالەبانیی‌دا دێڕێکی تالەبانیی بخوێنەوە کە د.قاسملوو بە نهێنیی لە ۱۹۸۸/۱۲/۲۸ لەسەر شریتی ژمارە ۱ تۆماری کردبوو و بە زمانی فارسیی ببیسە!

### "شما بە چیزخودتان میرسیدو من و کاک عبداللە چیزخودمانرا میگیریم"

" کاک عەبدوللا قادری ئازەر " ئەوەی کە دابوویانێ چەند گوللەی گەرم و تێرێکی خەلاس بوو، بەلام ئەو شتەی کە تاڵەبانیی سەرتر بە فارسیی داوای کردبوو وەریگرتبوو ، بەلام ناوەکەی "محرمانە" بووە.

نەوشیروان مصطفی ئەمین خۆی لەو گوتووبێژەدا بووە. وادیارە تالەبانیی هەر لە فکری خۆی‌دابووە و ئەو " چیز" ە واتە ئەو شتەی هەر بۆ خۆی ویستبووو بەڵێنییەکەشیان پێدابوو کە چی بووە و باسی نەوشیروانیشی نەکردبوو. مەگەر ئەوە بڵێین ناوی کاک عەبدوڵلای قادریی ئازەر لە جێی ناوی نەشیروان مصطفی ئەمین دانراوە.

ئەوکەسانەی کە لە زمانی فارسیی شارەزان ئەو دێرەی تالەبانیی بە باشی فام دەکەن.

"من و کاک عبداللە چیز خودمان‌رامیگیریم روونە.فاعل( ئەوانەی کە شتەکەوەردەگرن ( تالەبانیی و نۆشیروان. چیز خودمان‌را ( ئەوشتەی کە بۆیان دیاری کرابوو، وەردەگرن. ئەو شتە بەدوو کەس قەول درابوو. دووکەسەکە تالەبانیی و نۆشیروان بوون. ئەوشتە دوای تەحویل دانی د.قاسملوو بە تێرۆریستەکان دەبوو بدرێ. بەو پێیە بردنی د.قاسملوو بۆ ئوتریش و تەسلیم کردنی بە تێرۆریستەکان بەرێوە چوو بوو. ناوی کاک عەبدوڵلاش لەوتەکەی تالەبانیی‌دا بە نەوشیروان بگۆری کارەکە تەواوە.

دوای تێرۆری د.قاسملوو, د.شەرەفکەندیی دەبوو تێرۆر بکرێ. چوونی د.شەرەفکەندیی و بەشداریی کردنی لە کۆبوونەوەی سۆسیال دێموکراتەکان لە ئالمان کارێکی نهێنیی و شاراوە نەبوو. تالەبانییش دەبوو بەشداریی بکا. دیاریی کردنی کاتی کۆبوونەوە و کەسانێک کە دەبوو بەشداربن ئاشکرابوو و بە رەسمیی راگەیاندرابوو. تالەبانیی یەکێ لە بەشداران لە کۆبوونەوەکانی سۆسیال دێموکراتەکان لە بێرلین بوو. پلانی تێرۆری د.شەرەفکەندیش لە برلێن واتە لەو ولاتەی کە کۆبوونەوەکەی لێ بەرێوە دەچوو دەبوو بەڕێوە بچێ.

وەرگێڕدراوی ئەو چنددێرە فارسیی‌یە بە کوردیی ئەوەیە: ئێوە بە شتی خۆتان دەگەن و من و کاک عەبدوڵلاش شتی خۆمان وەردەگرین. ئەو وتانەی تالەبانیی بە دەنگی خۆی لە لایەن د.قاسملووەوە بە نهێنیی لەسەرکاسێتێک تۆمار کرابوو کە ۲۷ ساڵی رەبەق لە لایەن مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادەوە لە د.شەرەفکەندیی، لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی و لە کومیتەی ناوەندیی، لە کادرو پێشمەرگە و لە خەلکی کورد و لێکۆلەرەوەکان شاردرا بۆوە. مەلاعەبدوللا ئەوکاتە بە تەواوی لەو پیلانە ئاگاداربوو.

## تکایە بروانە کۆتایی ئەوبەشە لە روپەری ئاخردا لە خوارەوە

# دیپلمات مجروح ایرانی در وین دلایل تمایل حزب دمکرات برای مذاکره با ایران را تشریح کرد

. محمد جعفری صحرارودی دیپلمات مجروح ایرانی در وین پس از بازگشت از اتریش پریروز در یك مصاحبه اختصاصی در بیمارستان بقیه‌الله دلایل تمایل قاسملو و حزب دمکرات برای مذاکره با جمهوری اسلامی ایران و همچنین چگونگی ماجرای ترور را تشریح کرد.

به گزارش واحد مرکزی خبر صحرارودی دیپلمات ایرانی که در ماجرای ترور قاسملو از ناحیه دهان و گردن و بازو مجروح‌شده است پیرامون تمایل قاسملو برای مذاکره با جمهوری اسلامی گفت: آقای قاسملو چند ماه قبل از طریق آقای طالبانی تقاضای خود مبنی بر مذاکره پیرامون بازگشت به جمهوری اسلامی ایران را باطلاع مقامات ایرانی رساند که مورد استقبال مقامات ایرانی قرار گرفت و در پی آن دو دور مذاکرات در زمستان سال ٦٧ ومذاکرات اخیر که به ماجرای ترور انجامید نیز در سال ١٣٦٨ انجام گرفت.

وی سپس به تشریح چگونگی ماجرای ترور قاسملو پرداخت واظهار داشت:

در روز اول مذاکرات آقای قاسملو طرح پیشنهادی خود جهت بازگشت به جمهوری اسلامی ایران را ارائه داد و در جلسه دوم پیرامون نظر دولت جمهوری اسلامی توضیحاتی به شرکت کنندگان در جلسه داده شد. ساعت ٧٫١٠ دقیقه جلسه در یك اتاق کوچك انجام میشد. انتهای جلسه بود که ناگهان شخصی مسلح جلو در ظاهر شد وابتدا به سوی من که برای عکس‌العمل بلند شده بودم تیراندازی کرد که به دهان وگردن ودستم اصابت کرد وسپس بقیه حاضرین در جلسه را به گلوله بست که من دیگر متوجه نشدم وبعد از حدود ٢٠ دقیقه خود را به خیابان رساندم و کمك خواستم.

صحرارودی سپس در مورد شخص دیگری که در جلسه حضور داشت گفت: این شخص دکتر فاضل رسول نام داشت که از شخصیتهای کرد مسلمان واز روشنفکران و دانشمندان اسلامی واز دوستان و وفاداران به انقلاب اسلامی بود که ضمن تدریس در دانشگاههای وین و قاهره سردبیر نشریه بین‌المللی «الحوار» بود. وی درمبارزات اسلامی در فلسطین و مصر فعالیت چشمگیری داشت ویکی از مهمترین چهره‌های مسلمان بود که دراروپافعالیت فرهنگی وسیعی داشت. او در این سفر ۲ دوره از کتابهای خود را به آیت‌الله خامنه‌ای رهبر جمهوری اسلامی ایران وآقای هاشمی رفسنجانی رئیس مجلس شورای اسلامی اهداء کرد و قرار بود که بعد از اتمام مذاکرات به ایران سفر کند.

Kayhan 20. 7. 1989

## درخواست سفارت ایران در وین از مقامات اتریشی برای پی‌گیری جدی اقدام تروریستی اخیر

27. 7. 1989

درپی اقدام تروریستی پنج‌شنبه هفته گذشته در وین که منجر به‌کشته شدن سه کرد و جراحت شدید یکی از دیپلمات‌های ایرانی گردید سفارت ایران در وین با انتشار بیانیه‌ای خواستار اقدام جدی مسئولان اتریشی در این زمینه شد.

به‌گزارش خبرگزاری جمهوری اسلامی در این بیانیه آمده است: طی ماه‌های اخیر باتوجه به‌تحولات موجود در کردستان عراق بعضی ازگروه‌های کرد ایرانی که با رژیم عراق همکاری می‌کردند ازطریق بعضی از کردهای عراقی که با جمهوری اسلامی رابطه خوبی دارند، آمادگی خود را برای تغییر عملکرد گذشته و مذاکره با جمهوری اسلامی ایران در این زمینه اعلام نموده بودند.

پس از بررسی امر و انجام بعضی گفتگوهای مقدماتی و اطمینان نسبی از اینکه حرکت آنها جدی است روز پنج‌شنبه مذاکراتی در حضور نماینده اتحادیه میهنی کردستان عراق در اتریش به‌عنوان میانجی صورت گرفت.

براساس این بیانیه اعضای شرکت‌کننده در جلسه مورد حمله تروریستی یك یا چند مهاجم واقع و در نتیجه قاسملو و دستیارش و همچنین دکتر فاضل رسول نماینده اتحادیه میهنی کردستان عراق کشته و نماینده ایران بشدت مجروح می‌شود.

سفارت جمهوری اسلامی ایران در وین ضمن محکوم نمودن این اقدام تروریستی و مسئول دانستن عناصری که نتایج این گفتگوها را برخلاف منافع نامشروع خود در بهره‌برداری از این گروه‌ها علیه مردم کرد می‌دانستند خواستار پیگیری جدی این اقدام از سوی مقامات مسئول اتریشی می‌باشد.

سفارت ایران همچنین خواستار اعمال مراقبتهای ویژه برای حفظ جان دیپلمات ایرانی می‌باشد.

**درێژەی دەبێ**

**بەڵگەنامەکان بە زمانی ئالمانیی نووسراون و نووسەری ئەم بابەتە کردوونی بە کوردیی.**

**بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی پێشتر بروانە ئەو سایتانەی خوارەوە!**

www.peshmergekan.com

www.rojikurd.info

٢٠١٨-١-٦

-